گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

**Vol 28 Issue 4 2024**
**ID No. 1606 (PP1-23)**
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.4.1

## توێژینەوە

# کاریگەری خوێندن بە زمانە بیانییەکان لەسەر ئاستی فێربوونی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا (توێژینەوەیەکی تیۆری مەیدانییە لەچوارچیوەی زانستی کۆمەڵناسی پەروەردە)

**چنار سعد عبدالله/** بەشی دیراسات و پێگەیاندن - پارتی دیموکراتی کوردستان.

**پوختە**

مان توخمێکی زیندووی کەلتووری کۆمەڵگایەو لەگۆڕانکاری بەردەوام دایە. ئەرک و ڕۆڵی زمان لە لەڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە تەنها گواستنەوەی زانیاری نییە، بەڵکو زمان کۆنترۆلی هزر دەکات و دەربڕی ئەو وێنە هزریانەی مرۆڤە کە لەدەرئەنجامی بەریەککەوتن و پەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکان لای دروست دەبێت. مرۆڤ لەگەڵ لەدایکبوونیدا توانای فێربوونی زمانی هەیە، هەر زوو لاسایی دەنگ وشەو چەمکەکان دەکاتەوە. ئەوزمانەی مرۆڤ بەکاری دەهێنێت، پەیوەستە بە کاردانەوەکۆمەڵایەتییەکان. هەروەها زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لەدەرەوەی کۆمەڵگای مرۆیی بوونی نییە، زمان تەنها لەلایان مرۆڤ لەناو پەیوەندییەکۆمەڵایەتیەکاندا، بۆ دەربڕینی پێویستی وبیروڕاو هەستەکانی بەرامبەر ئەویتر، بەکاردێت. بەڕێگای زمانەوە دەکرێ لە فەرهەنگ وجۆری بیرکردنەوەو ژیان وتایبەتمەندی میللەتان تێبگەین. لەئاستی جیهانیشدا زمان ئەمڕۆکە بۆتە ناسنامەو شوناسی جیاکردنەوەی نەتەوەکان لەیەکتری . بۆنموونە فەرەنسییەکان بەفەرەنسی، ئەڵمانییەکان بە ئەڵمانی، سویدییەکان بەسویدی، پۆڵۆنییەکان بە پۆڵۆنی، تورکەکان بەتورکی، ئینگلیزەکان بە ئینگلیزی و... قسەدەکەن، بۆیە سروشتییە ناسنامەو شوناسی هەر میللەتێک لە زمانە تایبەتەکەی بدۆزیتەوە. تەنانەت هەندێک لە تیۆرەکانی ناسیۆنالیزم، کاتێک پێناسەی نەتەوە دەکەن، زمان وەک بنەمای سەرەکی ناسنامەی نەتەوە هەژمار کراوە. بۆنەتەوەیەکی وەکو کورد لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کەچەندین سەدەیە لەلایان نەتەوەکانی دیکەی (تورک، فارس ،عەرەب) دەسەڵاتداری ناوچەکە فەرمانڕەوایەتییان بەسەرەوە دەکرێت، بەجۆرەها شێوازەکانی: ڕاگواستن، لێ سەندنەوەی ناسنامە، جینۆسایدکردن و پشتگوێ خستن، هەوڵی سڕینەوەو تواندنەوەی ئەم نەتەوەیە و زمانی کوردی دراوە. هێشتا زمانی کوردی وەک بەشێک لە ناسنامەو شوناسی نەتەوە جێگای بایەخە. هەرێمی کوردستانی عێراق تاکە کیانی نەتەوەییە کەلەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا ڕەوایەتی سیاسی ودەستووری هەیە، وبۆتە هەوێنی پاراستنی شوناسی نەتەوەیی و پەرەپێدانی زمان و کەلتووری ئەم نەتەوەیە. بەڵام لە بیست ساڵی ڕابردوودا ویڕای کاریگەرییەکانی سۆشیال میدیا و باڵادەستی زمانی ئینگلیزی لەناو ئەو کایەدا، بەهۆی مۆڵەتدان بەکردنەوەی قوتابخانە بە زمانەکانی بیانی و سستمی پەروەردەو پێگەیاندنی نێودەوڵەتی، لە هەرێمی کوردستاندا نەوەیەک پێگەیشتووە، خەریکە زمانی دیکە دەبێتە جێگرەوەی زمانی کوردی بۆی، گرفتەکە تەنها لە گفتوگۆکردندا نییە، بەڵکو زاڵبوونی زمانی تر جێگای بە کەلتوورو تایبەتمەندی نەتەوەی کورد لەق کردووە. ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدەین ڕاددەی ئەم کاریگەرییە بخەینە ڕوو .

CORRESPONDENCE
چنار سعد عبدالله
chnarsaad@gmail.com

وەرگرتن 2023/11/23
پەسندکردن 2024/05/02
بڵاوکردنەوە 2024/08/15

**وشە سەرەکییەکان:**
زمان،
نەتەوە،
شوناس،
کەلتور.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی:**

یەکێک لەو پێناسە باوانەی کۆمەڵناسەکان بۆ مرۆڤی دەکەن، ئەوەیە کە مرۆڤ گیانلەبەرێکی قسەکەرە . لەگەڵ لەدایکبوونیدا توانای فێربوونی زمانی هەیە، ئەم توانایەی مرۆڤ وایکردووە،هەر زوو لاسایی دەنگ وشەو چەمکەکان بکاتەوە. ئەو زمانەیش مرۆڤ بەکاری دەهێنێت، پەیوەستە بە کاردانەوەکۆمەڵایەتییەکان. هەروەها زمان وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سەیردەکرێت و لەدەرەوەی کۆمەڵگای مرۆیی بوونی نییە . ئەم توانایە بەپێی قۆناغ بەندی و پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتی گۆڕانی بەسەرداهاتووە. ئەگەر لەهەندێ قۆناغ وناوەندی کۆمەڵایەتیدا تەنها بریتی بووە لەهەندێ ئاما ژەی سادەی دەنگی یان جوڵەی جەستەیی، دواتر لە قۆناغەپێشکەوتووەکاندا جۆرەها فۆرم ورێکخستن بەخۆیەوە دەبینێت . بەڕێگای زمانەوە دەکرێ لە فەرهەنگ وجۆری بیرکردنەوەو ژیان وتایبەتمەندی میللەتان تێبگەین. لەئاستی جیهانیشدا زمان ئەمڕۆکە بۆتە ناسنامەو شوناسی جیاکردنەوەی نەتەوەکان لەیەکتری . بۆنموونە فەرەنسییەکان بەفەرەنسی، ئەڵمانییەکان بە ئەڵمانی، سویدییەکان بەسویدی، پۆڵۆنییەکان بە پۆڵۆنی، تورکەکان بەتورکی، ئینگلیزەکان بە ئینگلیزی و... قسەدەکەن، بۆیە سروشتییە ناسنامەو شوناسی هەر میللەتێک لە زمانە تایبەتەکەی بدۆزیتەوە. تەنانەت هەندێک لە تیۆرەکانی ناسیۆنالیزم، کاتێک پێناسەی نەتەوە دەکەن، زمان وەک بنەمای سەرەکی ناسنامەی نەتەوە هەژمار کراوە. بۆنەتەوەیەکی وەکو کورد لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کەچەندین سەدەیە لەلایان نەتەوەکانی دیکەی (تورک، فارس، عەرەب) دەسەڵاتداری ناوچەکە فەرمانڕەوایەتییان بەسەرەوە دەکرێت، بەجۆرەها شێوازەکانی: ڕاگواستن، لێ سەندنەوەی ناسنامە، جینۆسایدکردن و پشتگوێ خستن، هەوڵی سڕینەوەو تواندنەوەی ئەم نەتەوەیە و زمانی کوردی دراوە. کاتێک ئاوڕ لەمێژووی سیاسی ئەو بەشەی گەلی کوردستان دەدرێتەوە، دەبینین کەوا چۆن هەر لەسەردەمی شێخ عەبدوسەلام بارزانییەوە لەساڵی ١٩٠٧ تاکو روخانی ڕژێمی بەعسی لەعێراق و نوسینەوەی دەستووری تازەی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ کە نزیکەی سەدەیەکە، بایەخدان بە زمانی کوردی و بەدەستهێنانی مافی خوێندن و نوسین و مافە کەلتوورییەکان ،تێکهەڵکێشی ئەم خەباتە دوورودرێژە کراوە .لەم سەردەمەدا کەبەسەدەی زاڵبوونی تەکنۆلۆژیاو زمانی ئەم تەکنیکە هەژماردەکرێت، لەکاتێکدا زمانێکی وەکو ئینگلیزی خەریکە زمانەکانی دیکە لەناوخۆیان دەتوێننەوە وفەرهەنگ وکەلتووری ئەوزمانە زاڵبووە بەسەرزۆربەی کۆمەڵگاکان، میللەتانی زلهێزو خاوەن دەوڵەت وشارستانیەتی گەورە، هەست بەمەترسی توانەوەو لەدەستدانی ناسنامە دەکەن، ئەی دۆخەکە بۆ میللەتێکی بێ دەوڵەتی ژێرهەژەشەی چەندین دەوڵەتی هەرێمی، دەبێ چەند مەترسیداربێت؟. پرسی زمانی کوردی وەک بەشێک لە ناسنامەو شوناسی نەتەوەیی بۆ گەلی کوردستان، هێشتا جێگای بایەخە.

هەرێمی کوردستانی عێراق تاکە کیانی نەتەوەییە کەلەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا ڕەوایەتی سیاسی ودەستووری هەیە، و بۆتە هەوێنی پاراستنی شوناسی نەتەوەیی و پەرەپێدانی زمان و کەلتووری ئەم نەتەوەیە. بەڵام لە بیست ساڵی ڕابردوودا ویرای کاریگەرییەکانی سۆشیال میدیا و باڵادەستی زمانی ئینگلیزی لەناو ئەو کایەدا، بەهۆی مۆڵەتدان بەکردنەوەی قوتابخانە بە زمانەکانی بیانی و سستمی پەروەردەو پێگەیاندنی نێودەوڵەتی، لەم هەرێمەدا نەوەیەک پێگەیشتووە، خەریکە زمانی دیکە دەبێتە جێگرەوەی زمانی کوردی بۆی، گرفتەکە تەنها لە گفتوگۆکردندا نییە، بەڵکو زاڵبوونی زمانی تر جێگای بە کەلتوورو تایبەتمەندی نەتەوەیی کورد لەناو ئەو نەوەیە لەق کردووە . ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدەین بە خستنەڕووی چەند بڕگەو تەوەرێک ڕاددەی ئەم کاریگەرییە بخەینە ڕوو .

**گرفتی لێکۆڵینەوە:** بابەتی سەرەکی ئێمە لەو لێکۆڵینەوەیەدا دیاری کردنی ئاستی زانینی زمانی کوردی منداڵانە، لەو قوتابخانانەی کە سستمی خوێندنیان لەهەرێمی کوردستاندا بەزمانی دیکەیە . لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدەین وەڵامی چەند پرسیارێکی سەرەکی بدەینەوە :

1. ئایا میتۆد و جۆری خوێندنی زمانی کوردی لە قوتابخانە ناکوردییەکان، بەشی ئەوەدەکات قوتابیانی ئەو قوتابخانانە فێری زمانی کوردی ببێت؟
2. ئایا فێربوونی زمانێکی دیکە، چ کاریگەرییەکی هەزری دەخاتە سەر منداڵانی ئەم قوتابخانانە، و تاچەند خزمەت بە پرۆسەی گواستنەوەی کەلتووری کۆمەڵگای کوردی دەکات؟
3. زانین یا نەزانینی زمانی کوردی چ کاریگەریەکی لەسەر پرسی شوناسی نەتەوەیی دروست دەبێت؟

## گرنگی لێکۆڵینەوە:

زمان وەکو مۆرکێکی گرنگی نەتەوەیی بۆ نەتەوەی کورد کە هێشتا لە ئاستی ناودەوڵەتی دا بۆ مافە فەرهەنگی و سیاسییەکانی لەهەرچوار بەشەکەی کوردستانی (عێراق، ئێران، تورکیا، سوریا ) لە خەباتی شۆڕشگێڕی، یاسایی، سیاسی و مەدەنی بەردەوامە، و لە ئاستی جیهان دەوڵەتی سەربەخۆی نییە، زۆر جێگای بایەخە. کورد لە بەشی عێراقدا، دوای دەیان ساڵ خەباتی سیاسی وشۆڕشگێڕی مافی خوێندنی منداڵانی کوردیان بە زمانی دایک بەدەست هێنا، بەڵام لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا هێشتا ئەو مافە ڕێگاپێدراو نییە و هاولاتیان لەسەر ئەم بابەتە زیندانی وئەشکەنجە دەدرێن.

ئەزموونی ڕاکێشانی قوتابخانەی ناودەوڵەتی و خوێندن بەزمانی بیانی لە هەرێمی کوردستاندا ،ساڵانێکە جێگای بایەخە. ئێمە لەو باسەدا هەوڵدەدەین کاریگەری خوێندن بەزمانی غەیرەکوردی و ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاستی زمانی کوردی لەلای قوتابیانی ئەو قوتابخانە دیاری بکەین. هەروەها لەم لێکۆڵینەوەیەدا تیشک دەخەینە سەر مەترسییەکانی دابەزینی ئاستی زانینی زمانی کوردی لەسەر ڕەهەندی فەرهەنگی و کەلتوری نەتەوەی کورد.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەدا سوود لە دوو میتۆدی سەرەکی وەرگیراوە، یەکەمیان میتۆدی وەسفی (Descriptive)یە. کە هەوڵدەدات لەڕێگای کۆکردنەوەی زانیاری لەسەرباردۆخی هەنوکەیی بابەتی لێکۆڵینەوە، باس و شیکاری پرسەکە بکات. ئەم میتۆدە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری هەندێکجار پشت بە کۆکردنەوەی داتاو زانیاری دۆکیۆمێنتیش دەبەستێت، یاخود بەڕێگای چاوپێکەوتن یان فۆڕمی ڕاپرسی زانیاری لەسەر توێژی لێکۆڵینەوە کۆدەکاتەوە. لەبەرئەوەی لەم لێکۆڵینەوەدا هەوڵماندراوە لەڕێگای کەناڵی فەرمی کە خودی وەزارەتی پەروەردەی کوردستانە زانیاری وئامار لەبارەی ژمارەی قوتابخانەو قوتابیانی ئەوقوتابخانە بخەینە ڕوو کە بەزمانی غەیرە کوردی دەخوێنن. هەروەها سوود لەو یاساو ڕێنماییانە وەرگیراوە کە ڕێگا بەکردنەوەی ئەم قوتابخانانەدەدات. لەلایەکی دیکەدا بۆئەوەی ئاستی زانینی نموونەی لێکۆڵینەوە لە بارەی زمانی کوردی بزانین هەستاین بەئەنجامدانی ڕاپرسی وئاڕاستەکردنی پرسیار لە نموونەی لێکۆڵینەوە ، وردەکارییەکان لەبڕگەی دەرئەنجامی ڕاپرسییەکە خراوەتە ڕوو.

میتۆدی دووەمی بەکارهاتوو لەم لێکۆڵینەوەدا میتۆدی مێژووییە(Historical) یە. دیارە بەڕێگای ئەم میتۆدە هەوڵدەدرێت شیکاری بۆ ڕووداوەکانی ڕابردوو بکرێت، هۆکارو دەرهاویشتەکانی بخرێتەڕوو، تاکو باروداۆخ و ڕووداوەکانی ئەمڕۆی پێ شەن وکەو بکرێت. ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆئەوەی بزانین بەکارهێنانی زمانی کوردی بەگشتی، وخوێندن بەو زمانە وەکو ماف و بەشێک لە شوناسی نەتەوەی کورد چۆن لەگەڵ وێستگەمێژووییەکانی خەباتی سیاسی گەلی کوردستان تێکهەڵکێش بووە، هەوڵماندراوە بە گەڕانەوە بۆ چەند ڕووداو، وێستگەی گرنگی مێژووی بەتایبەتی گفتوگۆو دانوستاندنەکانی نێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی شۆڕش لە ساڵانی شەست تاکو دوای ڕاپەڕین، چەند زانیارییەکی گرنگ لەم بارەوە بخەینە ڕوو . وەڵامی ئەو پرسیارەشی پێ بدەینەوە کە بۆچی دەبێت دوای ئەو هەموو قۆناغ و گۆڕانکارییە، خوێندن بە زمانی کوردی لە هەندێ قوتابخانەی نا کوردی لەم هەرێمە لە پاشەکشێ دابێت؟ .

## 1/چەمکە سەرەکییەکان

### 1-1 / یەکەم: زمان (Language)

ئێمەی مرۆڤ لەزۆربەی کاتدا، لە شوێنی کار، لەگردبوونەوەی هاوڕێ، لە کاتی توڕەیی وشەڕکردن، لەکاتی گۆرانی وتن، خوێندن، لە دەربڕینی ئەشق وخۆشەویستی، تەنانەت لەناو خەونەکانیشدا قسەدەکەین. لەڕاستیدا ئێمە لەناو جیهانی وشەکاندا دەژین. ئێمە بەڕێگای دەربڕینی زمانەوانییەوە هەموو ئەو کردارانەی سەرەوە ئەنجام دەدەین. لێرەدا پرسیارێکی جەوهەری دێتە پێشەوە کە زمان چییە و چۆن پێناسە دەکرێت؟

لە ڕوانگەی زانستە جۆراو جۆرەکانی وەکو، زمانەوانی و کەلتووری و ئەنترۆپلۆژی ،سایکۆلۆژی وسۆسیۆلۆژییەوە، هەریەکەو بەجۆرێک وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە. لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە زمان وەکو سەرچاوەی هێزی مرۆیی هەژمار دەکرێت (Fromkin and Rodman, 1983, p3).

زمان باشترین پرد وکەرستەی پەیوەندی کردنی تاکەکانی ناو کۆمەڵگایە، ئەمر کەرستەیە خەسڵەتێکی تایبەتی بە مرۆڤ بەخشیوە تاکو بەلێهاتوویی وشارەزایی لەئاستی سادەو ئاڵۆزدا لەگەڵ ئەندامانی ناو گرووپەجیاوازەکانی کۆمەڵگا پەیوەندی گرێ بدات. کۆمەڵناسان لەوباوەڕەدان ئەگەر بەهرەی فێربوونی زمان ودامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکە نەبا، مرۆڤ نەیدەتوانی درێژە بەژیان بدات.

هەندێ جار زمان بە پەیوەندی هێمایی نێوان مرۆڤەکانیش ناوزەد کراوە، ئەمر پەیوەندی هێماییە بەسەر سێ جۆر دابەش دەکرێت. یەکەمیان زمانی ئاخاوتنە کە بریتییەلە پارادایمی دەنگی ومانای لێکێنداوبەدەنگەوە، زمانی قسەکردن وپەروەردەو وپەیوەندیکردن ئاسان دەکات. دووەمین شێوە زمانی نوسینە، کە ئەمر شێوازە پارێزگاری لە میراتی کەلتوری دەکات، سێیەمین شێوە زمانی جەستەیە کە لەداب ونەریتەوە وەرگیراو، بەمانای دامەزراندنی پەیوەندیی بەجوڵاندنی دەست وڕوخسار وبەگشتی هێماو ئاماژە (کۆهین, ٢٠١٤، ل٧١).

ڕاستە یەکێک لە ئەرکەسەرەکییەکانی زمان پەیوەندی دروستکردنە، بەڵام لەهامانکاتدا زمان هەڵگری فەرهەنگ وکلتووری کۆمەڵگاکانیشە(کوی، ١٣٧٨، ل٦٢).

لەبەرئەوەی زمان وکەلتوور دوودوانەن کە بەشێوەیەکی ئاڵۆز لێکگرێدراون. دوو خەسڵەتی گرنگی تری زمان هەیە کە کۆمەڵناسەکان جەختی لێ دەکەنەوە، یەکەمیان زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە ولەدەرەوەی کۆمەڵگای مرۆیی بوونی نییە. منداڵێک ئەگەر لە دەرەی کۆمەڵگاو لە خەڵوەت گەورە ببێت فێری هیچ زمانێکی دیاریکراوی نابێت، بۆیە زمان تەنها لەلایان مرۆڤەوە لەناو پەیوەندییەکۆمەڵایەتییکان، بۆ دەربڕینی پێویستی وبیروڕاو هەستەکانی بەرامبەر ئەویتر، بەکاردێت (Fromkin and Rodman, 1983, p243). هەروەها زمان توخمێکی زندووی کەلتووری کۆمەڵگایەو لەگۆڕانکاری بەردەوامر دایە، لەبەرئەوەی زمان لەلایان مرۆڤەوە بەکاردێت، نەک ماشین(Fromkin and Rodman, 1983, p276).

مەسعود محەمەد لەبارەی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر زمانداديت دەڵێ، مادامر ژیانی مادی ومۆڕاڵی مرۆڤ وکۆمەڵگا لەگۆڕانکاری وپێشکەوتن وئاڵۆزبوونە،کەواتە زمانیش بۆ پڕکردنەوەی ئەو گۆڕانکاریانە بەرەو گۆڕانکاری وئاڵۆزی دەچێت. لەدیوێکی دیکەدا ئەگەر گۆڕانکاری مادی گەورەش لەوکۆمەڵگایە ڕووی نەدابێت،لەبەرئەوەی زمان دەربڕینی هۆش وهەستی مرۆڤە، هەوڵدەدات بگا بەوپلەیە کەهۆش ودەروون پێی گەیوە تا بتوانێ مەبەستەکانیان دەربڕێ، بۆ زمان جیاوازی نییە ئەمر گۆڕانکارییەی هۆش بەهۆی گۆڕینی لایەنی ماددی کۆمەڵگا بوویێت، یان بەهۆی پێشکەوتنی کایەنی خوێندەواری و ڕۆشنبیریەوە(محمد، ٢٠١١، ل٢١-٢٢).

لە کۆی ئەو پێناسەو شیکردنەوانەی لەڕوانگەی جیاوازەوە بۆزمان کران، دەتوانین لەپێناسەیەکی گشتگیردا بۆئەمر چەمکە بڵێین کە: زمان بریتییە لەو هێماو ئاماژانەی بەهۆیەوە پەیوەندی لەنێوان مرۆڤەکانی کۆمەڵگا دروست دەکات، هۆکاری گواستنەوەی کەلتوور وفەرهەنگە لەنەوەیەک بۆنەوەیەکی دیکە. هەروەها زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیەوبەرهەمی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ژیانی مرۆڤە و لە گۆڕانکاری بەردەوام دایە.

### 1- 2/ دووەمر: نەتەوە (Nation)

سەرهەڵدانی نەتەوە وەکو وەرچەرخان و پێویستی قۆناغێکی تازەی ژیانی مرۆڤایەتی هەژمار دەکرێت(Hutchinson, 2005, p74). سەبارەت بە کات وشوێنی سەرهەڵدانی پرسی نەتەوەو نەتەوایەتی، گەلێک بیرمەند وڕۆشنفکر، لەو باوەڕەدان کە ئەمر پرسە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمر و لە ئەوروپا سەرهەڵدەدات و دواتر لەسەرەتای سەدەی بیستەمر پەلدەهاوێت بۆ ئاسیا وئەفریقا(البیرن و بوربالان, الجزءالثنی، 2017، ص311).

سەبارەت بە پێناسەکردنی ئەمر چەمکە تێڕوانینەکان هاوشێوەنین وکاریگەری هەلومەرجی سیاسی مێژووی ناوچەیی بەسەرەوەیە.

هەندێک لەو بۆچوونانە زمان وەکو بنەمای سەرەکی نەتەوە دیاری دەکات،هەروەکو (فیختە)ی فەیلەسوفی ئەڵمانی، ئەو لەوباوەرەدایە کە نەتەوەی ئەڵمانی ئەوانەن کە بەزمانی ئەڵمانی دەدوێن(البشری، 1964، ص7).

بندکت ئەندرسن یش سەبارەت بە پێناسەی نەتەوە دەڵێت: نەتەوە بە کۆمەڵگەیەکی سیاسی ئەندێشەیی دەگوترێت، بەجۆرێک ئەندامەکانی بچوکترین نەتەوەش ، هەموو ئەندامەکانی خۆیان ناتوانن بناسن، جاویشیان بە یەکتری نەکەوتووەو هیجیشیان لەبارەی یەکتری نەبیستووە، کەچی هەمان وێنەی هزریان لەبارەی کۆمەڵگاکەیان هەیە(Anderson, 1991, p70).

لە روانگەیەکی دیکەدا نەتەوە بریتییە لەو کۆمەڵە مرۆڤەی خاوەنی مێژوو کەلتووری هاوبەشن و ناوچەیەکی جوگرافی کۆیان دەکاتەوە (روبرتس، 1999، ص279).

کەواتە دەتوانین لەپێناسەیەکی گشتگیردا نەتەوە بەمر شێوەیە پێناسە بکەین : نەتەوە بە کۆمەڵە کەسێک دەگوترێت کە زمان وکەلتوورو مێژوو خاک ، و هەستی هاوبەش ، کۆیان دەکاتەوە .

**1- 3/ سێیەم: شوناس (Identity)**

شوناس یاخود ناسنامە، لەڕووی زمانەوانییەوە( identity) لە وشەی (identitas) وەرگیراوە کە دوومانای دژبەیەکی هەیە: یەکەمیان واتا لەیەکچوونی تەواو، دووەم جیاواز بوونە. لە ڕوکەشدا ئەم دوو واتایە دژبەیەکن، بەڵام لە پێناسەکردنی شوناسدا تەواوکەری یەکترین. شوناس لەبنەڕەتدا پشت بەناسینی سنووری نێوان خود وئەویتر دەبەستێت، واتا ئەوتایبەتمەندیانە چین تۆ لەئەوانیتر جیادەکاتەوە. هەروەها ئەو هاوبەشیانە چین تۆ لەگەڵ گرووپ و پێکهاتەیەک کۆدەکاتەوە؟ لەمەدا زیاتر درک بە لێکگرێدانی مانا دژبەیەکەکەی ئەم چەمکە دەکەین (گل محمدی، ١٣٨٩،ص٢٢٢-٢٢٤).

لەڕوانگەیەکی دیکەدا شوناس بەدیاردیەکی ئاڵۆزو فرە ڕەهەند وەسف کراوە. لەسەرەتادا لەڕووی بابەتی: هەموکەسێک نایاب وتایبەتە، لە ڕووی بۆماوییەوە(جێنێتیکی) تەواو لەوانی دیکە جیاوازە.لەرووی زاتییەوە واتای دیاریکراوی هەیە: وەکو تاک هەستی تایبەت بەخۆی هەیە (من خۆمم) وەکو تاک (من لەوانی تر جیاوازم، وئەم ئەو خەسڵەت وتایبەتمەندیانەم هەیە). پەیوەست بە کات وشوێن (من هەمیشە ئەوەم کە هەم). دەرککردن بە ناسنامە وهوشیاری ئێمە لەوبارەیەوە، یەکەم هەنگاوی بەستنەوەمانە بە خود وجیهان کە لەپرۆسەیەکی ئاڵۆزدا بەرهەمدێت وپەیوەندی لەنێوان زات وئەویدیکە دروست دەکات. هەروەها دیاردەیەکی دینامیکی بەردەوامە بەدرێژایی ژیان(البيرن و بوربالان، 2017، ص35).

پێناسەو تێڕوانینەکان بۆ چەمکی شوناس لەڕوانگەو دیدگای زانستەکانی کۆمەڵناسی ودەروناسی دا جیاوزی هەیە. دەروووناسەکان شوناس بە لایەنی کەسی ودەروونی تاک پەیوەست دەکەن، شوناس بریتیەلە هەستکردن بەجیاوازبوونی کەسەکە لەوەی تر، ئەگەرچی ئەوان شوناسی کۆمەڵایەتیش ڕەت ناکەنەوە. لەبەرامبەردا کۆمەڵناسی دەروونی وکۆمەڵناسەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کەلەنێوان شوناسی تاک بۆخۆی وکۆمەڵگادا پەیوەندییەکی دیالیکتیکی هەیە.بەومانایەی کە کاریگەری کۆمەڵگا لە دروستکردنی هەست وتێڕوانینی تاک بۆ خود زۆر بەهێزە و لەدەرەوەی کۆمەڵگا هیچ شوناسێک مانای نییە(گل محمدی، ١٣٨٩،ص٢٢٢-223).

شوناسی تاک تا ئەو ئاستە وابەستەی کۆمەڵگایە کە، ئەندامیتی کەسەکان لەناو گرووپەکۆمەڵایەتیەکان ناسنامەو شوناسیان بۆ دەخولقێنێت. چونکە لەئەنجامدا شوناس بەرهەمی هێزە کلتوری وکۆمەڵاتییەکان (فی،١٣٨٦،ص٩٣).

لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا تاکەکان خۆیان لەناو چەند جۆرە شوناس وناسنامەیەکدا دەبیننەوە کە پەیوەستە بە دیدگاو هاوسۆزی ونزیکاتیان بۆ (ئایین،کەلتوور، چین، نەتەوەی، خاک و...) بۆنموونە لەزۆر وڵاتی جیهان نموونەی (بەریتانیا، ژاپۆن، ئاڵمانیا، ئیسپانیا) خاکی وڵاتەکەیان وەکو شوناسی نیشتمانی سەیردەکەن، ئەوان دەڵێن باب وباپیران و بنەچەکەیان لەسەر ئەم خاکانە ژیاون و بەخاکی پیرۆز ناوی دەبەن .بۆیە لەدەستدانی وەکو لەناوچوونی ناسنامە دەزانن. کەچی لە وڵاتێکی دیکەی وەکو ئەمریکا پێوەرە و ڕوخسارەی ناسنامەی نیشتیمانی پەیوەست نییە بە جوگرافیاو خاک، ئەوان زۆرینەیان لە وڵاتانی دیکە بەرەو ئەوێ کۆچیان کردووە،بۆیە ئەمریکییەکان شوناس وئینتیمای خۆیان زیاتر لە سستەم ودامەزراوەکانی ئەم وڵاتە دەبیننەوە (هنتنغتون، ٢٠٠٥،ل62-63).

ئایین وەکو لایەنی بیروباوەرو هەموو ئەو ئەرک ورێنماییانەی لەکۆمەڵگا بۆتاکی دیاری کردووە، بۆتە شوناس و لێکگرێدانی هەموو ئەوانەی هەڵگری ئەم بیروباوەڕەن، نموونەی ئاینی کرستیان، ئیسلامی، یەهودی کە لەزۆر قۆناغدا ئەم ڕۆڵەیان بینیووە. شوناسی نیشتمانی لەهەندێ کۆمەڵگادا لەهەناوی کەلتوورو فەرهەنگی ئەوان لەدایک دەبێت،چیرۆک وقارەمانەتیی، ئەفسانە هەنەر ومۆسیقا کە ڕۆچۆتە ناو دەروون و هەستەکان دەجولێنێت. ڕۆڵی کەلتوور لە دروستکردنی شوناسی نەتەوەیی ونیشتیمانی ئەوەندە بەهێزە بەجۆرێک دەگوترێت،ئەگەر ئادیۆلۆژیا وەکووێنەی دەرەوەو ڕوکەشی شوناسی نیشتیمانی بزانرێت، کەلتوورو فەرهەنگ بە مێشک وجەوهەری ئەم شوناسە هەژماردەکرێت(ستاری، ١٣٨٠،ل٩٩-١٠٩).

لەکۆی ئەم شرۆڤەکاریەدا دەتوانین بڵێین کە ، شوناس بریتییە لەو خەسڵەت وتایبەتمەندیانەی کە ڕەنگە بەهۆی جیاوازی لایەنی بایۆلۆژی، دەروونی یان بەهای کۆمەڵایەتی کەلتووری، ئابووری ، خود لەئەویتر ، و ئێمە لەئەوانی دیکە جیا دەکاتەوە.

**1- 4/ چوارەم: کولتوور (Culture)**

زاناو لێکۆڵەرەوانی بواری کۆمەڵناسی و زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەجۆرەها شێواز پێناسەی چەمکی کولتووریان کردووە، بۆ نموونە یەکێک لەو پێناسانە دەڵێت: کولتوور بریتییە، لە جۆری بیرکردنەوە، بەهاو و نەریتەکان (جۆرەکانی کارکردن، داب و ڕەفتار، یاساو ڕێسا) کە خەڵکی وەکو ڕێگا پیشاندەر بۆتێگەیشتن و دەسەڵاتداریەتی لەسەر خود، سوودی لێ دەبینن. هەر لەم ڕێگایەوە مرۆڤ دەزانێت چۆن لەگەڵ یەکتری بژیەت وهەماهەنگی بکات (شارون، ١٣٨٢، ص٦٥).

لە پێناسەیەکی دیکەدا، کولتوور تەنها وەکو کۆمەڵێکی کەڵەکە بووی داب ونەریت وشێوە جیاوازەکانی ژیان پێناسەی ناکات ، بەڵکو بەسستمێکی ڕێکخراوی ڕەفتارەکان، یاخود شێوەی گشتی ژیانی گرووپ یان چەند گرووپێکی خەڵک وەسفی دەکات (موحسنی، ٢٠٠٢، ل١٠٣).

ئانتۆنی گیدنس بەشێوەیەکی ڕوونتر پێناسەی کولتوور دەکات وهەوڵدەدات جیاوازی ئەم چەمکە لەگەڵ چەمکی کۆمەڵگە زەق بکاتەوە ، کەلەهەمان کاتدا بە دوو پرسی لێک گرێداویان دەزانێت. کولتوور شێوەی ژیانی کەسەکانی ناو کۆمەڵگایە، هەر لە چۆنیەتی جل وبەرگ پۆشین، ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری وژیانی خێزانی، مۆدێلەکانی کارکردن، بۆنە ئاینییەکان وکات بەسەربردن و ئەو کەرستەو کەل پەلانەی بەرهەمی دەهێنن وبۆیان گرنگە ،لەخۆی دەگرێت. بەو مانایەی کە کلتوور شێوەی ژیانی ئەندامانی کۆمەڵگا، داب و نەریت وشێوازی ڕەفتار و بەهاکان وئەوکەرستە مادیانەی کە بەرهەمی دەهێنن لەخۆی دەگرێت. لەبەرامبەردا کۆمەڵگا ئەو سستمەیە لەپەیوەندی کۆمەڵایەتی دوولایەنە، کە ئەو تاکانەی کلتوورێکی هاوبەشیان هەیە، بەیەکەوەیان گرێ دەدات (گیدنز، ١٣٨٣، ص٥٦).

لەپێناسەیەکی گشتگیردا بۆ کەلتوور دەتوانین بڵێین کە: کەلتـور بـریتییە لەکـۆی ئەو بەهـاو نەریـتە کۆمەڵایەتـیانەی کە دەرئەنجـامی پەیوەندی بەردەوامی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا بەرهەمهاتووە، نەوەلەدوای نەوە دەستاودەستی پێکـراوەو تایبەتمەنـدی بە پـیرۆزی و شیوەی ژیان و فۆرمی پێکهاتەی کۆمەڵگاکان دەبەخشێت.

## 2/ توێژینەوەکانی پێشووتر:

خوێندن بە زمانی بیانی لە کوردستان ئەزمونێکی تازەی هەیە وخەریکە دەبێـتە دیـاردە، دوای گەڕان وبەدواداچـوون تـوێژینەوەیەکی تایبەت کە لەم بوارە ئەنجام درابێت بەرچاو نەکەوت ، بۆیە هەوڵماندا سوود لە توێژینەوەکانی  وولاتان وکۆمەڵگاکـانی نزیـک یـان هاوشێوەی کوردستان وەربگرین ، لێرەدا دوو توێژینەوە کە هەردوکیان لە وڵاتانی عەرەبی ئەنجام دراوە، بەنموونە وەکـو دیراسـەی پێشینە بخینەڕوو.

لە توێژینەوەی یەکەمدا (العناتي،2019، ص 163) تـوێژەر لەم دیراسـەیەدا وێـڕای خسـتنەڕووی ڕاوسـەرنجی جیـاواز سـەبارەت بە خوێندنی زمانی بیانی لەقۆناغی زووی تەمەنی منداڵی یاخود درەنگتر ، کە هەندێکیان دیدی ئەرێنیان بـۆئەوەیە کە خوێنـدنی زمـانی بیانی لە تەمەنـی (١٠-١٦) ساڵی باشـترین قۆنـاغە تـاکو منـداڵ فێـری زمـانی بیـانی ببێـت بە باشـترین شـێواز، لەپاڵ ئەوەدا دیـدگای پێچەوانەش هەیە کە پێی وایە دوای ئەوەی منداڵ بەباشی فێری چوارچێوەو سستمی  زمـانی دایـک دەبێـت ،بەشـێوەیەکی ئاسـانتر فێری زمانی بێگانە دەبێت ، چونکە ئەو چوارچێوە زمانەوانییەی بەشێکی لەناو زمـانی دایـک  هەیە ، لە هەمـوو زمانەکـانی جیهانـدا هاوبەشە ، ئەمە وا دەکات خێراترو   هوشیارانە تر فێری زمانی بێگانە دەبێت.

بەگوێرەی ئەم دیراسەیە زمانی بیانی هۆکاری لاوازکردن وهەڵەکردنی منـداڵە لەبەکارهێنـانی زمـانی دایـک نەک لەئاسـتێکی سـادەی زمانەوانی ، بەڵکو دەچێتەناوقوڵایی  بنـاغەی زمـانەوانی و سسـتمی ڕۆشـنبیری ومەعریفیشـی دەگۆڕێـت. زمـانی دووەم بەڕادەیەک کاریگەری دەخاتەسەر زمانی دایک کە لەڕووی کات ودەنگ وشیکاری وتێڕوانین بۆ جیهان ودەوروبەر وئاماژەکان دەگۆڕێت.

کاریگەری دەنگی زمانی بیانی لەسەر زمانی دایک وگۆڕینی خەسڵەتی دەنگی وبەرهەمهێنانی دەنگی تر هاوبەش لەنێوان زمانی دایک وزمانی دووەم . تێکەڵکردنی وشەی زمـانی بیـانی (زمـانی دووەم) وبەکارهێنـانی لەمیـانی ڕسـتەو گوتەکـان بەزمـانی دایـک . گرفتـی ڕێزمانی وشیکاری زمانەوانی لەڕووی ڕەگەز وکات وشوێنەوە ، گرفتی وەرگێرانی حەرفی نەک فەرهەنگی.

لە توێژینەوەی دووەمدا (بن مقلة، 2022، ص 69)، توێژەر تیشک دەخاتە سـەر گرفتـی خوێنـدن لە زانکۆکـانی جەزائیـر، بەتـایبەتی بوارەکانی زانستی سروشتی وتەکنۆلۆجیا بەزمانی فەرەنسی ، بە بەهانەی ئەوەی زمانی عەرەبی کە زمانی دەوڵەتی جەزائیـرە لە ڕووی زانستی سروشتی وتەکنۆلۆژی هەژارە. بەگوێرەی لێکدانەوەی توێژەر ئەمە بۆ زاڵبوونی زمانی فەرەنسی وفەرهەنگی زامنی فەرەنسـی لەسەر نوخبەی دەستڕۆیشتوو دەگەڕێتەوە .

بۆ پشتیوانی لە بیروبۆچوونەکانی هەوڵی داوە سوود لە تیۆرەکانی :  (ململانێی ) کارل مـارکس، پییـر بۆردیۆ(تێگەیشـتن لەسـەرمایەی ڕۆشنبیری) و(فێرکردن ودووبارە بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار)  لویس ئاڵتوسەر، وەربگرێت.

لەژێر کاریگەری ئەم تیـۆرانە تـوێژەر پێـی وایە خوێنـدن بەزمـانی فەرنسـی لە زانکۆکـان بەتـایبەتی لە بەشـە زانسـتییەکان هۆکـاری دروستکردنی جیاوازی چینایەتییە و زاڵبوونی چینی دەستڕۆیشتووە لەسەر سەکتەری دەسەڵات وبـازاڕ. سسـتمی خوێنـدن لەم وڵاتە لە قۆناغی سەرەتا تادواناوەندی بەزمـانی عەرەبییـە، کاتێـک قوتـابی دەچێـتە زانکـۆ ولە کۆلێژەکـانی زانسـتی سروشـتی ،تەکنۆلۆژیـا وەردەگیرێت ، ئەگەر لەو چینە بێت کە پێشتر بایەخی بەزمانی فەرەنسی داوە یان لەقوتابخانە تایبەتەکانی زمـانی فەرەنسـی وکەرتـی تایبەت خوێندویەتی ، کە ئەمە زیاتر منداڵی خانەوادەی دەستڕۆیشتو دەگرێتەوە ، گرفتـی ئەوتـۆی زمـانەوانی بـۆ دروسـت نابێـت ،

بەڵام بەشێک لە قوتابیان ئەگەربەتوانایی ولێهاتوویی خۆیان لەم بەشانە وەرگیرابن ، کاتێک توشی گرفتی زمان دەبن ،بە ناچاری کۆلێژەکەیان دەگۆڕن ودەچنە بوارێکی دیکە.

لەدیوێکی دیکەدا ئەوەی تێبینی دەکرێت ،بەردەوامی ئەو سستمە هۆکار دەبێت بۆئەوەی ئەو نەوەیەی بەتوانایەو ئاستی زانستی بەرزترە وشانسی خوێندنی لەو کۆلێژانە دەست دەکەوێت ، بەهۆی زاڵبوونی زمانی فەرەنسی وفەرهەنگ وکەلتوری ئەوزمانە لە رووی شوناسی عەرەبی ودوورکەوتنەوەی لەزمانی دایک تووشی نامۆبوون وگرفت دەبێت.

تویژەر لەم دیراسەیەدا دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەودەوڵەتانە وەکو جەزائیر لەلایان کۆلۆنالیزمەوە داگیرکراون، هێشتا کاریگەری ڕۆشبیری وکەلتورو زمانی دەوڵەتی داگیرکاریان بەسەرەوەیەو لەڕێگای نوخبەی دەسەڵاتداری هەڵگری ئەم کەلتورە خزمەتی زمانی بێگانە دەکەنەوە. بەرهەمی زانکۆکان پێویستی بازاڕی کار دەستەبەرناکات وخوێندن بەزمانی فەرەنسی جینایەتی لەناو ئەو کۆمەڵگایە زەق دەکاتەوە. بەکۆی زاڵبوونی دووزمان ودوفەرهەنگ ودوو کەلتورزەمینەی ململانێی فەرهەنگی وفکری لەناو جەزائیر هەیەو هۆکاری شۆڕش وناجێگیرییە.

## 3/ ئاستی پەیوەندی نێوان زمان بە فەرهەنگ و شوناسی نەتەوەیی:

مرۆڤ بە هەندێ تایبەتمەندی لە گیانلەبەرانی دیکە جیا دەکرێتەوە. بۆنموونە دەگوترێت: مرۆڤ گیانلەبەرێکی قسەکەرە، یان مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، مرۆڤ بوونەوەرێکی فەرهەنگییە (شارۆن، ١٣٨٢، ل٦٥).

ژیان و ڕەفتار و کرداری زۆربەی بوونەوەرەکانی تر بەهۆی کاریگەری سستمێکی بۆماوەیی نەگۆڕە .لەبەرامبەردا مرۆڤ بەهۆی ئەو چوارچێوە فەرهەنگییەی لەژیانی کۆمەڵایەتیدا لەسەری ڕادەهێنرێت و پەروەردە دەبێت، ڕەفتارو کردارەکانی خۆی ڕێکدەخات. کەواتا فەرهەنگ ئەو فەزا و چوارچێوەیە کە مانا بە هەموو جولە، پەیوەندی، ئاماژەکان، بنەما ڕافتاری و بەها وشێوەی کارکردن، بۆنە و ڕێوڕەسمەکانی مرۆڤەکانی ناو کۆمەڵگایەک ، دەبەخشێت . بۆیە کۆمەڵگا جیاوازەکان خاوەنی فەرهەنگی جیاوازن .

لە دیوێکی دیکەدا فەرهەنگ بەومانایەدێت کە ئێمە لەڕوانگەی فەرهەنگی تایبەت بەخۆمان سەیری ژیان دەکەین و مانای پێ دەبەخشین.بەپێی گۆڕینی جیل و پێداویستییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی وتێکەڵاوی فەرهەنگی، فەرهەنگی کۆمەڵگاکانیش دەگۆڕێن، هەر بۆیە دیدگاوتێفکرینی ئێمەش لەو سۆنگەیەوە گۆڕانکاری بەسەردادێت (شارۆن، ١٣٨٢، ل٦٦).

لەنێوان زمان، فەرهەنگ و، بیرکردنەوەدا پەیوەندیەکی تەواوکاری و دیالیکتیکی هەیە. لەبەرئەوەی زمان بەشێکی دانەبراوە لە فەرهەنگ، لەهەمان کاتدا تەنها لەڕێگای زمان دەتوانرێت لە فەرهەنگ و جۆری بیرکردنەوە وژیان داب ونەریتی میللەتێک تێبگەین (کوی، ١٣٧٨، ل١٦٧).

زمان کۆنترۆلی هزر دەکات، مرۆڤ لەگەڵ لەدایکبوونیدا توانای فێربوونی زمانی هەیە، هەر زوو لاسایی دەنگ وشەو چەمکەکان دەکاتەوە. ئەوزمانەی مرۆڤ بەکاری دەهێنێت، پەیوەستە بە کاردانەوەکۆمەڵایەتیانی .

ئەو چەمکانەی کەمرۆڤ فێریان دەبێت، ڕێژەکەی، جۆری بەکارهێنانی،کاریگەریەکانی پەیوەستە بەو کۆمەڵگایەی تێدا پەروەردە بووە، ئەمە ئەو چەمکانە دەبن کە بۆ هەڵاوێردکردنی ڕاستییەکان وتێگەیشتن لە جیهانی خود سوودی لی وەردەگیردرێت. ئێمە بەڕێگای چەمکەکان دەبینین وبیر دەکەینەوە، شتەکان لەڕێگای بەکارهێنانی ئەو چەمکانەی کەفێریان دەبین مانا وەردەگرن (شارۆن، ١٣٨٢، ل170).

پەیوەندی نێوان هزر وزمان ئەوەندە بەهێزە بەڕادەیەک بەهای فێر بوونی زمان لە پرۆسەی فێرکردندا لە بەهای مەعریفی کەمتر نییە (نشواتی، ٢٠٠٣،ص١٧١).

هەر سەبارەت بەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی کە لەنێوان هزر وزماندا هەیە تێڕوانینی دیکە جەخت لەوە دەکەنەوە کە هیچ هزرێک بەبێ وشە بوونی نییە، هەروەکو هیچ وشەیەکیش خاڵی نییە لە هز، بەڵکو هزرو زمان بەیەکەوە سەرهەڵدەدەن. هەروەها زمان بەرهەمی پرۆسەیەکی مێژوویە کە میللەتان دایان هێناوە تاکو بەو ڕێگایەوە ئاماژە هزریەکانیان بخەنە روو (جوزیف، ٢٠٠٧، ل٥٢).

لێکۆڵەرەکان زمان تەنها وەکو کەرستەی گواستنەوەی زانیاری سەیرناکەن، بەڵکو بەڕێگای زمانەوە دەکرێ لە فەرهەنگ وجۆری بیرکردنەوەوژیان وتایبەتمەندی میللەتان تێبگەین. واتا زمان ئەو هەوێنەیە کە فۆرم بە هزر دەبەخشێت (کوی، 1378، ل١٦٧).

بۆ قوڵبوونەوەو تێگەیشتن لە ڕادەو ڕۆڵ وکاریگەری و پەیوەندی نێوان زمان وکلتوور، لێکۆڵەرەکان هەوڵیان داوە زیاتر بۆ ناو پێکهاتەو دابەشکاری وگرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا شۆڕببنەوە. بازیل برنشتاین (Basil Bernstein) کۆمەڵناسی بەریتانی لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی لەسەر منداڵانی دوو چینی جیاوازی کۆمەڵایەتی ئەنجام داوە. ناوبراو بەو ئەنجامە گەیشتووە کە ئەو منداڵانەی لەچینی هەژارو کەم دەستڕاگەیشتوون بە ژیانێکی خۆشگوزەران، لەژینگەیەکی سادەو کەم خزمەتگوزاری دەژین، لەڕووی گوفتارییەوە خاوەنی زمانێکی سادەو سنووردارن، لەبەرامبەردا منداڵانی چینی ناوەڕاست خاوەنی زمانێکی گوفتاری

فـراوانترن. ئەو لەوبـاوەڕەدایە کە بەهـۆی ئەوەی شـێوازی پەروەردەکردنـی دایکـان بـۆ منـداڵەکانیان لە چینـی ناوەڕاسـت جیاوازە،منـداڵەکانی ئەو چیـنە لەمەڕ پـرس وداواکـان لەگەڵ دایـک دەکەونە گفتوگـۆکردن وڕوونکـردنەوەی زیـاتر وەردەگـرن، لەبەرامبەردا لە چینەکانی خـوارەوە کەمـتر ئەو کەشـەپەروەردەییە دەبینرێـت و زۆرجـار بەبـێ هەبـوونی دیـالۆگ تەنهـا بەهەنـدێ ئاماژەی کورت منداڵ بێ دەنگ دەکرێت. ئەمە هۆکاری لاوازکردن وسنووردارکردنی زمانی ئەو چـنەیە. برنشـتاین لەمر لێکۆڵینەوەیـدا گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە کاتێـک منـداڵانی چینـی خـوارەوە دێـنە نـاو قوتابخـانە، لەگەڵ زمـان و فەرهەنگـی قوتابخـانە تووشـی بەرەیککەوتن دەبن، چوونکە چوارچێوەی زمانیان سنوورداره، ئەمە بۆمنداڵانی چێنی ناوەڕاسـت پێچـاوانەیە( گیـدنز، 1383، ل٤٦٧-٤٦٨).

هەرکۆمەڵگایەکی مرۆیی جا ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییە لەشێوەی( نەتەوە، میللەت، ئیتنیـک یـا خێـڵ ..هتـد) بێـت، فەرهەنگـی خـۆی بەرهەمدێنێت، کە تاکەکانی لە پڕۆسەیەکی بەکۆمەڵایەتی کردنی ڕاسـتەوخۆدا فێـری دەبـن، لەمر پڕۆسـەیەدا وەکـو لەشـیکارییەکانی پێشوئاماژەمان بۆی کرد ، زمان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت.

کەواتە بەو پێـیەی گـرووپە کـۆمەڵایەتییە جیاوازەکـان خـولقێنەری فەرهـەنگی تـایبەت بەخۆیـانن، زمـانیش وەکـو بەشـێکی گرنگـی فەرهەنگ، ئەو حاڵەتە تایبەتمەند و جیـاوازییە وەردەگرێـت و دەکـرێ لە زۆربەی کاتـدا، زمـان وەکـو هێڵـی جیـاکەرەوەی کۆمەڵگـا جیاوازەکان بێت، ئەمر دیـدگایە لەلایـان فەیلەسـوفی یۆنـانی ئەبیقـوڕ(Epicure) (٣٤٠پ.ز-٢٧٠پ.ز) جەختـی لـێ کـراوەتەوە. کاتێـک دەڵێت ئەندامانی ئەتنیک ونەتەوە جیاوازەکان لە هەست سۆزو تێگەیشتنیان بۆ جیهانی دەوروبەریان جیاوازن، ولەنـاو ئەو هەسـت وتێڕوانینانەدا زمانەکانیان بەرهەمهاتووە (جوزیف، 2007، ل٤٧).

زمان وەکو خاڵ وسنووری جیاکردنەوەی گەلان هەژمار دەکرێت، تەنانەت بەشێکی گرنگی شوناسی ئەو پێکهـاتەیە (کریسـتاڵ، ٢٠٢٠، ل١١٤).

فەرەنسـییەکان بەفەرەنسی قسـەدەکەن، ئەڵمانییەکـان بە ئەڵمانـی، سـویدییەکان بەسـویدی، پۆڵۆنییەکـان بە پۆڵـۆنی، تورکەکـان بەتـورکی، ئینگلیزەکـان بە ئینگلیـزی و...بـۆیە سروشـتییە ناسـنامەو شوناسـی هەر میللەتێـک لە زمـانە تـایبەتەکەی بـدۆزیتەوە. ئەمر بارودۆخە تاسەدەی ڕۆشەنگەری لەئەوروپا بەوشێوەیە نەبوو، بەجۆرێک زمان سنووری نەتەوەکان دیاری بکات. ئەوزمانەی تاکەکـان بەکاریان دەهێنا سنووردار بوو بەو کیانە کۆمەڵایەتییە سنوردارەی کە لەگەڵی لەپەیوەندی دابوو، زۆربەی لادێ نشینەکان بەزمانێکی شەفاهی وزاراوەی تایبەت و ناوچەیی خۆیان دەدوان، لەتەنیشت ئەوە مامەڵەی لەگەڵ کۆمەڵێک زمانی جیاوازی تری نوسین دەکرد وەکو زمانی خواپەرەستی، زمانی دامەزراوەکانی بەڕێوەبردن و زمانی فەرمانڕەواکان (البیرن وبوربالان الجزءالاول، ٢٠١٧،ص٣٣٨).

لەکۆتایی سەدەی هەژدە زانا وبیرمەندانی زمان لە ئەوروپا، کارێکی مەزنیان لە بواری هێنانەپێشەوەی زمانی نەتەوەیی کرد، بەڕێگـای ڕێکخستنی چەمکەکان و دانانی فەرهەنگ و بنەماکانی ڕێنوس ڕەوانبێـژی. لەوپێنـاوەدا دەسـتکرا بەدەرکردنـی چـاپەمەنی وڕۆژنـامە بەزمانی نەتەوەیی وکردنەوەی قوتابخانە بۆ فێرکردنی. خێرایی ئەمر پڕۆسـەیە بەگـۆڕەی سیاسـەتی قوتابخانەکـان وگەشـەی ئـابووری جیاواز بوو. هەموو ئەو وەرچەرخانە بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە لەمر قۆناغەدا وڵاتانی ئەوروپا درکیـان بەو ڕاسـتییە کردبـوو کە لەپێنـاو یەکخستنی نەتەوەیی و کەلتووری پێویستیان بە زمانێکی یەکگرتوو هەیە (البیرن و بوربالان، جزئ الاول ٢٠١٧،ص ٣٣٩).

هەر پەیوەست بە دیاری کردنی سنووری دەوڵەتی نەتەوە و ڕۆڵـی زمـان لەدیـاری کردنـی شوناسـی میللەتـان، فەیلەسـوفی ئەڵمـانی (فیختە....) لەتیۆری خۆی دا بۆ ئەمر مەبەستە دەڵێت:یەکەمر سنووری بنەڕەتی وسروشتی بـۆ دەوڵەت سـنووری نـاوخۆیی و هەمـوو ئەوانە دەگرێتەوە کە بەیەک زمان قسـەدەکەن.فیختە کە وەسـفی ئەڵمانییەکـان دەکـات، دەڵـێ ئەڵمانییەکـان ئەوانەن کە بەئەڵمانـی قسەدەکەن (جوزیف، 2007، ل157).

دیارە زاناو بیرمەندی دیکەش هەن لەوباوەڕەدان کە زمان و کەلتوور ونەتەوە، چەمکی لەیەک گرێدراو مەرجی بـوونی ئەوەی تـرە. مێژوونوسی ئینگلیزی (اریک هۆبسباوم) یەکێکە لەوانە، لەکتێبی نەتەوەو نەتاوایەتی لە ١٧٨٠وە جەخت لە ڕۆڵـی زمـان دەکـاتەوە لە بنیادنانی نەتەوەکان (البیرن-، روانوبوربالان، ٢٠١٧،ص311).

لەکۆتایی دا دەتوانین ئەمە دەرئەنجامر بکەین کە:

- زمان تەنها کەرستەی گواستنەوەی زانیاری نییە، بەڵکو بەڕێگای زمان کەلتووروفەرهەنگی میللەت دەگوازرێتەوە.
- زمان بەشێکی بنەڕەتی وهەڵقولاوی کەلتوورەو، هەروەها زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە.
- زمان توخمێکی زیندووی کەلتووری کۆمەڵگاکانەو گۆڕانکاری بەسەردادێت.
- زمان بەشێکی گرنگی ناسنامەی نەتەوەکانە.

**4/ ڕۆڵی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد، لە بەدەستهێنانی مافی خوێندن بە زمانی کوردی:**

نەتەوەی کــورد وەکــو نەتەوەیەکــی بــێ دەوڵەت، لەپــاش کۆتــایی هــاتنی یەکەم جەنگــی جیهــانی لەســالی (١٩١٤-١٩١٨) لەلایەن زلهێزەبراوەکانی جەنگ (بەریتانیا،فەرەنسا، روسیا، ئەمریکا وئیتاڵیا) بەسەردەوڵەتەکانی (ئێران، تورکیا، عێراق و سوریا) دابەش کـرا. فەرمانڕەوایی و بەڕیوەبردنی سستمی سیاسی ئەم دەوڵەتـانەش زۆربەی کـات بەدەسـتی نەتەوەی سەردەسـت وزۆریـنەی (فـارس، تورک، عەرەب) بـووە. سیاسـەتی ئەم دەوڵەتـانە بەرامـبەر بە پێکهـاتە نەتەوەیـی، ئیتنـی، مەزهەبـی و ئاینییەکـان، زیـاتر سیاسـەتی ڕەتکردنەوە یان تواندنەوە بـووە لەنـاو پێکهـاتەی سەردەسـت. بۆنمـوونە دوای نەمـانی سـتمی پاشـایەتی و دامەزرانـدنی سـستمی کۆماری لەتورکیا، واژوو کردنی ڕێکەوتننامەی لۆزان لە٢٣تەموز ساڵی ١٩٢٣ لەنێوان تورکیا ودەوڵەتی ئینگلیزدا، لە بڕگەکانی (٣٨،٣٩) ئەم ڕێکەوتننامەیە، جەخت لە پاراستنی مافی ئاینی، کەلتـووری و مـافی قسـەکردن وخوێنـدن بەزمـانی دیـکەی غەیـری تـورکی بـۆ پێکهاتەکانی غەیرە تورک کراوەتەوە، نەتەوەی کورد یەکێک بوو لەوانە، کەچی زۆری نەبرد، ڕژێمی فەرمانڕەوا پشتی لەو مافـانە کـرد وبەپێچەوانەوە زمانی کوردی و وشەی کورد وکوردستانیشی لەناو هەموو کایەکان قەدەغەکرد (بێشکچی، ٢٠٠١، ل١٣٤-١٣٦).

لەئاستی دەوڵەتەکانی دیکەشدا نەتەوەی کورد هەمێشە لەژێرهەڕەشەی تواندنەوەدا بووە بەتایبەتی لەڕووی کەلتوورو زمانەوە. بۆیە هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا و لەگەڵ دەسپێکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە بەشەجیاوازەکانی کوردستان، پرسـی زمـانی کوردی، خوێندن و پاراستنی زمان تێکهەڵکێشی خەباتی نەتەوەیی کورد، بووە.

کاتێک سەیری ڕووداو وێستگە مێژووییەکانی خەباتی سیاسی نەتەوەی کـورد دەکەیـن، دەبینـین لەزۆر قۆنـاغ پەیوەسـت بـوونێکی تەواو لەنێوان داواکاری مافی نەتەوەیی و پرسی زمانی کوردی هەیە. بۆنموونە، لە کۆتایی دەسـەڵاتداریەتی عوسـمانی لە ساڵی ١٩٠٧ شێخ عەبدوسەلام بارزانی لەنامەیەکدا داواکارییەک ئاڕاستەی سوڵتانی عوسمانی دەکات، لە بڕگەی یەکەمی ئەو داواکاریەدا جەخت لە وە کراوەتەوە کە:

١-زمانی کوردی ببێتە زمانی فەرمی قەزاکانی دهۆک، ئاکرێ، سنجار وئامێدی وزاخۆ

٢- خوێندن لەو قەزایانە بەزمانی کوردی بێت

٣-فەرمانبەرانی ئیداری ئەو سنورە زمانی کوردی بزانن

لەتورکیاش دوای کودەتا بەسەر عوسمانیەکان، لەساڵی ١٩٠٨ڕێکخراوە کوردیەکانی ئەستەنبۆڵ، جەمعیەی تعاون وتەرەقی کـوردی و ڕوناکبیر ونوسەرانی وەکو (ئەمین عالی بەدرخان،شـەریف پاشا،شـێخ عەبـدوالقادری نەهـری) ڕۆڵـی گرنگیـان لە پەرەپێـدانی زمـانی کوردی هەبووە. هەروەها کردنەوەی کۆمەڵەیەکی ڕۆشنبیری بەناوی (کورد نشری معارف جمعیتی) کە ئەو کۆمەڵەیە قوتابخانەیەکی بۆ وتنەوەی زمانی کوردی لە ئەستەنبۆڵ هەبوو، بەشێک بوو لەو هەوڵانە (مستەفا، ١٩٩٣،ل١٤٣-١٤٥).

لەبەشی کوردستانی عێڕاقدا لەگەڵ دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە لە ساڵی ١٩٢١ ، پرسی داواکاری و هەوڵەکـان بـۆ مـافی نەتەوەی کـورد ،مافە کەلتووری و ڕۆشنبیریەکان دەچنە قۆناغێکی دیکەوە.

لەساڵی ١٩٢١یەکێک لە مەرجەکانی بەشداری کردنی نوخبەی کوردی بـۆ ڕیفرانـدۆمی مەلیـک فەیسـەڵ لە لیـوای موسـڵ، دانـان بە زمانی کوردی بوو وەکو زمانی فەرمی خوێندن بۆ ئەو قەزایانەی کە زۆرینەی کوردین.

پرسـی زمـانی کـوردی نەک هەر بـۆ نەتەوەی کـورد وەکـو بەشـێک لەمـافی نەتەوەیـی پێـداگیری لەسـەرکراوە، بەڵکـو لەلایەن ئەو ئینگلیـزانەی فەرمـانڕەوایی سیاسـی عێراقیـان دەکـرد جێگـای بـایەخ بـوو، هەر لەبەر ئەمە بـۆ ڕازی کردنـی کـورد وهێنانیـان بـۆ سەرسندوقی دەنگدان لە ساڵی ١٩٢٣ حکومەتی عێڕاقی ناچارکرد بڕیارێک دەربکات کە یەکێک لە بڕگەکانی ئەوەبوو زمـانی عەرەبـی بۆ خوێندن لەسەر کوردەکان فەرزناکرێت.

لە٢ شـبات سـاڵی ١٩٢٦ یـش دا شـەش ئەنـدامی پەرلەمـانی کـورد لە پەرلەمـانی بەغـدا دوای ئەوەی لەگەڵ چەندکەسـایەتیەک کۆبوونەوەدەکەن، داواکاریەکە ئاراستەی سەرۆکوەزیرانی ئەوکات بەناوی(حبدوالمحسین سعدون) دەکەن، پشـتیوانی خۆیـانی بـۆ ڕادەگەیەنن بەمەرجێک بڕیاری (عصبةالامم) لەبارەی مافی کورد جێبەجـێ بکـات، و زمـانی کـوردی دووەم زمـانی فەرمـی بێـت لە پەرلەمـانی عێـڕاق . هەروەهـا لەسـاڵی ١٩٢٩ شـەش نـوێنەری پەرلەمـان لەشـارەکانی سـلێمانی،هەولێر،کەرکوک وقەزای موسـڵ، نامەیەکیان پێشکێشی مەندوبی سامی بەریتانیاو حکـومەتی عێـڕاق کـرد، لەوێـدا گلەییـان لە بـێ بەڵێنـی حکـومەتی عێڕاقـی کـردووە سـەبارەت بە بەڵێنەکـانی لەمەڕ مـافی کـورد، چەندپێشـنیارێک دەخەنەڕوو، خـاڵی سـێ لەو پێشـنیارانە تـایبەتە بە کـردنەوەی بەڕێوبەرایەتی تایبەت بە زمانی کوردی بۆ ئەوناوچانەی کە زۆرینە کوردین.

لە ساڵی ١٩٣٢ دوای ئەوەی چەندین داواکاری لەلایان چین وتوێژەکانی کوردستان ئاڕاستەی کۆمەڵەی گەلان (عصبةالامم) کرا، حکومەتی عێراق بەیانێکی رەسمی لەبارەی مافی کەمینەکان ئاڕاستەی کۆمەڵەی گەلان کرد، لەوێدا دانی بەوە نا کە خوێندنی سەرەتایی بەزمانی دایک وزمانی کوردی وعەرەبی زمانی فەرمی دەبن(علي، ، ٢٠٠٢، ل٥٢٥،٤٥٣،٤٠٦،٣٨٤، ٥٣١).
لە شۆڕشی دووەمی بارزانیش دا لە ساڵی ١٩٤١، دوای شەڕو پێکدادانێکی زۆر لەنێوان هێزەکانی بارزانی و سوپای عێراق، لە ساڵی١٩٤٣دا دەرفەتێکی گفتوگۆ لەنێوان بارزانی و سوپاکەی لەگەڵ حکومەتی (نوری سەعید) سەرۆک وەزیرانی ئەوکات دێتەئاراوە. بۆ ئەو مەبەستە بارزانی داواکاری گەلی کوردستانی پێشکێشی حکومەت کرد، بڕگەی ( ٣ )ی ئەم داواکاریە بریتی بوو لەوەی کە : زمانی کوردی ببێتە زمانی بەڕێوەبردن وخوێندن لەناوچەکوردییەکان (بارزانی، ... ،ل١٠٦).
پرسی زمان و خوێندن بەزمانی کوردی وەکو خاڵێکی گرنگ وبنەڕەتی بووەتە بەشێک لە بنیادی کارکردن وئامانجی هەندێ لەو پارت وگرووپە سیاسیانەی لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کورد دروست بوونە، بۆ نموونە لە بەیانی ڕاگەیاندن و دامەزراندنی حزبی ڕزگاری لەساڵی ١٩٤٥ دا وێڕای ئاماژەدان بەمافە سیاسی و مەدەنییەکان کە خەباتی بۆ دەکات، بایەخ دان بە فێربوون و بایەخدان بە مێژوو، ئەدەبی کوردی، لەبڕگەیەکی سەربەخۆ دان ( هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی لە قوتابخانە و دائیرە حکومیەکان لە هەموو ناوچە کوردیەکان کردە بڕگەیەکی سەرەکی بەرنامەی خۆی (جویدة، ٢٠١٣، ص٥٦٧).
لەپاش شۆڕشی ١٤ی تەموزی١٩٥٨و ڕوخانی سستمی پاشایەتی لەعێراق وهاتنەسەر حوکمی عبدولکەریم قاسم، بارزانی لەمەنفا گەڕایەوە، نێوانی کورد وحکومەتی تازە زۆر باش بوو، حکومەت بایەخی بە لایەنی پەروەردەیی وخوێندەواری کوردستان دا وبۆ ئەو مەبەستە چەندین قوتابخانەی تازە لەشارو شارۆچکەکان کرانەوە. بەڕێوەبەرایەتیەکی تایبەت بۆ گەشەپێدانی خوێندن لەکوردستان لە وەزارەتی معارفی ئەوکات کرایەوە، دەرفەتی ئەوە بۆمنداڵ ولاوی کورد ڕەخسا تا بەزمانی دایک بخوێنن.هەر لەو سەردەمەدا لەساڵی ١٩٦٠کۆنگرەی سێیەمی قوتابیانی عێراق بەسترا، لەڕاسپاردەکانی ئەو کۆنگرەیە، خوێندنی مێژووی کورد لە قوتابخانەکان و زمانی کوردی ببێتە زمانی فەرمی خوێندن، بوو ( محمد، ٢٠٢١، ص١٤٦).
لە شۆڕشی ئەیلول ساڵی ١٩٦١ دوای دووساڵ گرژی و شەڕی سەخت لەنێوان هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان وسوپای عێراق، لەساڵی ١٩٦٣دا دوای انقلابی بەعسیەکان بەسەر حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم، گفتوگۆ لەنێوان پارتی ودەسەڵاتی تازە دەست پێدەکاتەوە، بڕگەی سێی وەرەقەی گفتوگۆکردنی لایەنی کوردی لەم قۆناغەشدا هەر پەیوەست بوو بە پرسی زمانی کوردی وخوێندن بەزمانی کوردی کە بەم شێوەیە ئاماژەی پێ کرابوو:زمانی کوردی ببێتە زمانی فەرمی لەکوردستان وزمانی دووەم لەسەرتاسەری عێراق (یحیی، ٢٠٠١، ص٢٢٢).
زمانی کوردی و بایەخدان بەم زمانە لەڕووی خوێندن و بەڕێوەبرنەوە لە ڕێکەوتننامەی ١١ ئازاری ساڵی ١٩٧٠ کە لەنێوان پارتی وحکومەتی عێراق واژوو کراوە ، وەک بڕگەیەکی سەرەکی بەم شێوەیە ئاماژەی پێ کراوە:
لە بڕگەی(ب)ی ئەم ڕێککەوتنامەدا حکومەتی عێراق بڕیارلەسەر کردنەوەی زانکۆی سلێمانی و دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد بۆ بایەخدان بە فەرهەنگ وزمانی کوردی، هەروەها بڕیار لەسەر خوێندن بەزمانی کوردی لەئاستی گشت قوتابخانەکان دەدات، تەنانەت وانەیەکی کوردی لە هەموقوتابخانەکانی عێراق دەخوێندرێت. هەر لەو ڕێککەتننامەیەدا بایەخدان بە دامەزراندنی چاپخانەی کوردی و پاڵپشتی کردن لە ئەدەب و فەرهەنگی کوردی جەختی لێ کراوەتەوە (کریم، ٢٠٠٠، ص٢٥٧).
لەپاش ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ و دەرچوونی دەستووری تازەی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥، پرسی زمان یەکێک بووە لەو بڕگە سەرەکییانەی کەلایەنی کوردی هەوڵیداوە لەگەڵ هێزەسیاسییەکانی عێراق، وەکو مافێکی سەرەکی بچەسپێندرێت. پرسی زمانی کوردی وەکو زمانی عەرەبی لە (دەروازەی یەکەم / بنەما سەرەکییەکان، لە چوارماددەدا) بە دووەم زمانی فەرمی خوێندن و نوسین وقسەکردن و مامەڵە پێکردن لەڕووی بەڕێوەبردن و یاسایی و تەشریعی هەژمار کراوە.

### 5/ پەرەسەندنی خوێندن بە زمانی بیانی لە هەرێمی کوردستاندا:

کەرتی پەروەردەو فێرکردن تا سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠ لە قۆناغی سەرەتایی تاکو پۆلی ١٢، سەربە کەرتی گشتی و لەلایان وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەبرا . دواتر ئەم دۆخو گۆڕانکاری بەسەرداداێت.
بەپێی یاسای ژمارە (١٤) بۆساڵی٢٠١٢ (یاسای قوتابخانەو پەیمانگا ناحکومیەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق) کە لەپەرلەمانی کوردستان دەرچووە، کردنەوەو دامەزراندنی قوتابخانەو فێرگەتایبەت وناحکومییەکان ڕێگاپێدراو دەبێت. هەرچەند بەپێی زانیارییەکانی ئێمە بەرلەو کاتەش واتا لەکۆتایی ساڵانی نەوەد و سەرەتای دووهەزار، کردنەوەی چەند باخچەو قوتابخانەیەکی ناحکومی و نێودەوڵەتی لەلایان حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەروەردە ڕێگای پێ دەدرێت . قوتابخانەی ئیشق ونیلوفەر، باخچەی ساوایانی باڵا، لەشاری هەولێر بەشێکن لەم نموونانە، ئەگەرچ ژمارەکە زۆر سنووردار بوو.

خوێندنی ئەهلی وکردنەوەی دەیان قوتابخانەو باخچە وپەیمانگا ساڵانە لە هەرێمی کوردستاندا زۆر بەخێرایی لەبەرزبوونەوەیە.
زمان ومیتۆدی خوێندن لەزۆرێک لەو قوتابخانانە بە زمانی بیانییە بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی.
بەپێی دوا ئاماری وەرگیراو لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٢٣لە ئێستادا (٣٢١) سێ سەدو بیست و یەک قوتابخانەو باخچەی ساوایان ناحکومی لەهەرێمی کوردستاندا هەیە و کۆی ژمارەی قوتابیانی ئەو فێرگەو قوتابخانانە(٨٠١٧٤ )هەشتاهەزاروسەدو حەفتاوچوار قوتابیە.

| جۆری قوتابخانە | ژمارە | ژمارەی قوتابی |
|---|---|---|
| ئینگلیزی | 34 | 19409 |
| سریانی | 25 | 1705 |
| عەرەبی | 112 | 49283 |
| تورکمان | 18 | 2524 |
| گشتی | 189 | 72921 |

ئەمە وێڕای ( ١٨٩ ) قوتابخانە وباخچە بەزمانەکانی ئینگلیز٣٤، تورکمانی١٨، سریانی٢٥ وعەرەبی ١١٢، کە بەگشتی ژمارەی قوتابییەکانی دەگاتە (٧٢٩٢١) قوتابی، ڕاستەوخۆ سەربەوەزارەتی پاروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانن.
خشتەی ژمارە ( ١ ) جۆر وژمارەی قوتابخانەو قوتابیانی سەربە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆساڵی ٢٠٢٣نیشان دەدات، کە سستمی وانەکانیان بەزمانی کوردی نییە.
بەپێی ئەم زانیاریانە بێت لە ئێستادا ( ١٥٣٠٩٥) سەدوپەنجاو سێ هەزار ونەوەد پێنج قوتابی لەو قوتابخانانە دەخوێنن کە سستمی خوێندن تێیدا بەزمانی کوردی نییە، هەرچەند بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە وانەی کوردی وکۆمەڵایەتی ومێژوو لەهەندێ قۆناغ دەخوێندرێت.
بۆئەوەی بزانین قوتابیانی ئەم قوتابخانانە تاچەند فێری زمانی کوردی بوون و لە ژیانی ڕۆژانە بۆ قسەکردن و خوێندنەوەو فێربوون، لە پەیوەندییەکۆمەڵایەتیەکاندا سوودی لێ وەردەگرن بەڕێگای فۆرمی ڕاپرسی بەدواداچوونمان بۆ ئەم بابەتە کرد، لەتەوەری داهاتوو دەرئەنجامەکەی دەخەینە ڕوو.


## 6/ خستنەڕووی زانیاری گشتی لەبارەی ڕاپرسی:

### 6- 1/ فۆڕمی ڕاپرسی:


بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەو قوتابیانەی لە قوتابخانە ناکوردیەکان وئەوانەی بە میتۆدی کوردی دەخوێنن ،سوودمان لە فۆرمی ڕاپرسی وەرگرت. فۆرمەکەمان لە ١٢ پرسیار ( دووپرسیاری تایبەت، دەی گشتی ) پێکهاتووە. بڕوانە پاشکۆی `مارە ١

### 6- 2/ نموونەی لێکۆڵینەوە:

نموونەوەی لێکۆڵینەوەمان لەو قوتابیانە پێکهاتووە کە لە قوتابخانە تایبەتەکانن و سستمی خوێندن تیادا بەزمانی بیانییە. ئێمە باباشمان زانی ٣٠٠ فۆرم بەسەر قوتابیان دابەش بکەین، بەڵام ئەو فۆرمانەی بەدەستمان گەیشتنەوەو تەلەف نەبوون (٢٦٠) فۆرمە.
لەڕووی ڕەگەزییەوە ٥٥٪ نموونەکەمان کوڕان و ٤٥٪ کچان پێکیدەهێنن کە بەگوێرەی ڕێژەی دانیشتوان لەئاستی هەرێم دا ئەم ڕێژەیە نزیکە لەڕاستی.
نموونەکەمان بریتین لە: قوتابیانی پۆلی پێنج ٤٧٪ ،وشەش ٥٣٪ کە تەمەنیان لەنێوان (١٠ بۆ ١١)ساڵی دایە. بۆیە ئەم قۆناغەمان دەستنیشان کرد، چونکە پێمان وایە ئیتر لەم قۆناغەدا منداڵان بەتەواوی دەتوانن قسە بکەن و پێناسە لە خۆیان بکەن و دەرک بە دۆخی دەوروبەری خۆیان دەکەن. لەهەمان کاتدا دوای چەند ساڵ لەناو سستمی پەروەردەدا کاریگەری ئەم سستمە لەسەر ئاستی فیربوونیان دەردەکەویت.
ئەم چارتە دابەشکاری قوتابیانی نموونەی لێکۆڵینەوە نیشان دەدات بەپێی پۆل وقۆناغ.




ئەم چارتە دابەشکاری ڕەگەزی نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان نیشان دەدات.




### 6- 3/ شوێنی ڕاپرسی:

شەش لە قوتابخانەکانی (میتران، سمارت، تیشک،کامبرج، مۆنتی سۆری، میدیا) لەشاری هەولێر وەکو ناوەندی ڕاپرسییەکە دەستنیشان کرا. ئەم نموونەیە دەتوانێت پێناسەیەکی زۆر نزیک لەڕاستی لە دۆخی فێربوونی زمانی کوردی لەکۆی ئەو قوتابخانانە بکات لەهەرێمی کوردستان بەزمانی غەیرە کوردی دەخوێنن. لەبەر ئەوەی هەولێر وەکو پایتەختی هەرێمی کوردستان، خەڵکی هەموو شارو شارۆچکەکانی تێدا نیشتەجێیە هەروەها زۆربەی ئەو قوتابخانانەی بەر ڕاپرسییەکەی ئێمە کەوتوون لقیان لە پارێزگاکانی دیکەی کوردستانیش هەیە.

### 6- 4/ ماوەی ئەنجامدانی ڕاپرسی:

لەئەنجامدانی ئەم ڕاپرسییە چەند بەربەستێکمان هاتە پێش:

یەکەم/ بەڕێبەرایەتی قوتابخانەکان، ڕێنمایی و سستمی کاری تایبەت بەخۆیان هەیە، بۆیە وێڕای مۆڵەتی وەزارەتی پەروەردە کە چی لەهەندێکیان زۆر بەزەحمەت مۆڵەتی ڕاپرسیەکەیان پێمان دا.


دووەم/ پرسیارو زانیاری ناو فۆرمەکە بەزمانی کوردییە، بۆ ئاسانکاری وتێگەیاندنی قوتابیان کات وماندووبونی دەویست.

سێیەم/کاتی ڕاپرسییەکەمان کەوتە ناو پشووی سەری ساڵ، بۆیە تا دوای سەری ساڵ ڕاپرسیەکەمان دواکەوت.

چوارەم/ هەندێ قوتابخانە لە پێدانی دەرفەت زۆر درەنگ وەڵامیان دایەوە، بۆیە نەمانتوانی ڕاپرسی تێدا ئەنجام بدەین، نموونە قوتابخانەی ئەڵمانی لەهەولێر.


### 6-5/ خستنەرووی ئەنجامی ڕاپرسییەکان:

ئەم چارتە وەڵامی نموونەکەی ئێمە نیشان دەدات سەبارەت بە زمانی قسەکردنی قوتبیان لەگەڵ هاوڕکانیان، لەناو قوتابخانەدا.





دەرئەنجامێ داتاکانی ئەم پرسیارە دەرخەری ئەو ڕاستییەن، کە قوتابیان لەناو قوتابخانە لەگەڵ یەکتری وێڕای زمانی کوردی بەڕێژەی (٤١٪) لەپاڵ ئەمە ڕێژەی ٣٤٪ بە هەردوو زامانی کوردی وئینگلیزی، ڕێژەی ١٥٪ بەس بە زمانی ئینگلیزی قسەلەگەڵ یەکتری دەکەن.ئەگەر سەرنج بدەینە داتاکانی تریش لەگەڵ زۆرینەی زمانەکانی دیکە زمانی ئینگلیزی بەکار هاتووە (کوردی+ئینگلیزی، ئینگلیزی+تورکی، ئینگلیزی+ عەرەبی، ئینگلیزی+ هەموو ئەوانیتر). ئەم دەرئەنجامە ئەوەمان پێ دەڵێت کە زامنی ئینگلیزی زاڵترە بەسەریاندا.

زانیارییەکانی ئەم چارتە زمانی گفتوگۆ ویاری کردنی قوتابیانی نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان نیشان دەدات ،لەگەڵ خوشک وبراکانیان.





بەپێی زانیاریەکانی ئەم چارتە دەردەکەوێت کە ٪٣٩ قوتابیانی ئەم قوتابخانانە لەگەڵ خوشک براکانیان بە زمانی کوردی دەدوێن ویاری دەکەن، بەڵام دیسان زمانی ئینگلیزی بەسەر زۆرینەیاندا زاڵە، لەبەرئەوەی ٪٣٤ دەڵێن بەهەردوو زمانی کوردی وئینگلیزی ئەم کارە ئەنجام دەدەن ، ٪٢٢ بەس بەزمانی ئینگلیزی دەدوێن ویاری دەکەن.

زانیاریەکانی ئەم هێڵکارییە ،ئەو زمانە نیشان دەدات کە قوتابیانی نموونەکەی ئێمە لەکاتی سەیرکردنی فلیمی کارتۆن یان هەربابەتێکی دیکە لە تەلەفزیۆن بەکاری دەهێنن.





بەپێی داتاکانی ئەم هێڵکاریە ٪٦٥ قوتابیان بەزمانی ئینگلیزی سەیری فلیمەکانی کارتۆن و بابەتی دیکە لەتەلەفزیۆن دەکەن. ٪١٦ بەهەردوو زمانی ئینگلیزی وکوردی ئەم کارە ئەنجام دەدەن. بۆیە لەم دەرئەنجامەوە دەتوانین بڵێین کە زۆرینەی منداڵان بۆ سەیرکردنی فلیمی کارتۆن یان هەر بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی سوود لەزمانی ئینگلیزی وەردەگرن.

زانیارییەکانی ئەم هێڵکاریە، ڕادەی کتێب وچیرۆک خوێندنەوە لای قوتابیانی نموونەکەمان نیشان دەدات.





بەپێی زانیاری ناو ئەم هێڵكاریەبێت، ٣٦٪ قوتابیان زۆر كتێب یان چیرۆک دەخوێننەوە، لەبەرامبەردا ڕێژەیەكی زۆر بەرز كە دەگاتە ٣٢٪ گوتویانە كەم یان هەر ناخوێننەوە. ٣٢٪ دەڵێن هەندێک دەخوێننەوە كە ئەم ڕێژەیەش ئاماژە بە ڕێژەی بەرز نییە. كەواتە بەپێی ئەم زانیاریانە دەتوانین بەو دەرئەنجامانە بگەین كە خوێندنەوەی كتێب وچیرۆک لای منداڵانی قوتابخانە ڕوو لە كەمییە. جا ئەگەر ئەم دۆخە لەقوتابخانەی تایبەت و بەخزمەتگوزاری باشتر وسستمی ناودەوڵەتی وابێت، بەدڵنیایی لە قوتابخانەكانی كەرتی گشتی كە بەهۆی زۆری ژمارەی قوتابی وكەمی خزمەتگوزاری وبەردەستنەبوونی پێداویستی كتێب وچیرۆک خوێندنەوە، دۆخەكە زۆر خراپترە.

زانیاری ئەم هێڵكاریە، ئەو زمانە نیشان دەدات كە قوتابیانی نموونەكەمان چیرۆكی پێ دەخوێننەوە





لەداتاكانی سەرەوە دەردەكەوێت كە ڕێژەی ٦٣٪ كە زۆرینەیە بەزمانی ئینگلیزی چیرۆک دەخوێننەوە، ڕێژەی ١٤٪ بە هەردووزمان، تەنها ٩٪ بەزمانی كوردی چیرۆک دەخوێننەوە. ئەم داتایانە جارێكی دیكە دەرخەری ئەوەن كە زمانی ئینگلیزی بۆتە زمانی یەكەم و زمانی كەلتووری و ڕۆشنبیری قوتابیان لەم قوتابخانانەدا.

زانیاری ئەم هێڵكارییە، وەڵامی قوتابیانی نموونەی لێكۆڵینەوە نیشان دەدات سەبارەت بە یاریكردنی ئەلكترۆنی بەشێوەیەكی ڕۆژانە.





لە زانیارییەکانی سەرەوە دەردەکەوێت کە زۆرینەی قوتابیان بەرێژەی ٩٢٪ ڕۆژانە یاری ئەلکترۆنی دەکەن.

زانیارییەکانی ئەم هێڵکارییە ،ژمارەی ئەوکاتژمێرانە نیشان دەدات کە قوتابیانی نموونەی لێکۆڵینەوە ڕۆژانە لەیاری ئەلیکترۆنیدا سەرفی دەکەن.





هەرچەند لە زانیاری ئەم هێڵکاریە دەردەکەوێت کە ڕێژەیەکی بەرز ٤٤٪ قوتابیان دەڵێن ڕۆژانە کاتژمێرێک یان کەمتر یاری ئەلکترۆنی دەکەن، بەڵام نیوەیان ٥٠٪ لە ١ زیاتر وتا ٤ کاتژمێر ڕۆژانە یاری ئەلکترۆنی دەکەن.


ئەم هێڵکارییە، ئەو زمانە نیشان دەدات کە قوتابیانی نموونەی لێکۆڵینەوە لە یوتیوب یان یاری ئەلکترۆنی پێ دەکەن.




زانیاری ناو ئەم هێڵکارییە پێمان دەڵێت کە ٥٥٪ قوتابیانی ئەم لێکۆڵینەوە سوود لەزمانی ئینگلیزی وەردەگرن لە سەیرکردنی یوتیوب ویاری ئەلیکترۆنی.١٤٪ سوود لەهەردوو زمانەکانی کوردی وئینگلیزی وەردەگرن، وتەنها ١٠٪ تەنها کوردی بەکار دەهێنن.
ئەم داتایانە دیسان جەخت لە زاڵبوونی زمانی ئینگلیزی دەکەنەوە لەسەر زۆربەی کایەکانی ژیانی ئەم قوتابیانە. ئەمە وێرای دەوڵەمەندی زمانی ئینگلیزی لەئاستی تەکنیک ویارییە ئەلکترۆنییەکان و هەمووتۆڕەکۆمەڵایەتییەکان.
ئەم هێڵکارییە، ئەو زمانە نیشان دەدات کە قوتابیانی نموونەی لێکۆڵینەوە ڕۆژانە حەزدەکەن قسەی پێ بکەن.




بەپێی زانیاری ناو ئەم هێڵکارییە، ٤٧٪ قوتابیان کە ڕێژە بەرزەکەیە حەزدەکەن تەنها بە زمانی ئینگلیزی ڕۆژانە قسەبکەن،لەپاڵ ئەمەدا ڕێژەی ٢١٪ بەهەردووزمانی کوردی وئینگلیزی حەزدەکەنڕۆژانە قسەبکەن. تەنها ٩٪ ئەوقوتابیانە ڕۆژانە حەزدەکەن تەنها بەزمانی کوردی قسە بکەن. کەواتە ژمارەکان دیسان پێمان دەڵێنەوە کە زمانی ئینگلیزی بۆتە زمانی سەرەکی وزاڵی زۆرینەی قوتابیان.
زانیاری ئەم هێلکارییە، ئەو زمانە نیشان دەدات کە قوتابیان زیاتر حەزدەکەن پێی بخوێنن وبنوسن.




زانیاری سەرەوە ئەمە نیشان دەدات كە زۆرینەی قوتابیانی نموونەی لێكۆڵینەوە بەرێژەی ٦٤٪ حەزدەكەن بەزمانی ئینگلیزی بخوێنن وبنوسن، ١١٪قوتابیان بەهەردوو زمانی كوردی وئینگلیزی، ٩٪ تەنها بەكوردی حەزدەكات بخوێنن وبنوسێت. ئەمە وێڕای زمانی دیكە كە ڕێژەكانیان بەرز نییە.

بەدەستهێنانی ئەم دەرئەنجامە زۆر بەئاسایی دەبینرێت، لەبەرئەوەی سستمی خوێندنی ئەم قوتابخانانە زیاتری بەزمانی ئینگلیزییەو ئیتر بۆ زۆربەی قوتابیان ئەم زمانە وەكو زمانی یەكەم وسەرەكی لێهاتووە. بۆیە ناتوانن بەزمانی دیكەی بگۆڕنەوە.

خوێندنەوەو شیكاریمان بۆ ئەم ئەم راپرسییە دەمانگەیەنێتە ئەو دەرئەنجەی كە :

- شیوازی فێركردنی زمان ووانەی كوردی لەقوتابخانە نا كوردییەكانی هەرێمی كوردستان ، گونجاو وسەركەوتوو نییە بۆئەوەی قوتابی هاوكات لەگەڵ زمانی یەكەمی ئەو قوتابخانەیە جا هەر زمانێك بێت( ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی، توركی...) بۆئەوەی بەشیوەیەكی باش و پێویست فێری ئەدەب وزمانی كوردی بێت ، لەبەرئەوەشە وەكو لە دەرئەنجامەكان دەبینرێت، قوتابیان زیاتر حەز بەبەكارهێنانی زمانی تر دەكەن بەتایبەتی ئینگلیزی لە گفتوگۆ و یاری و ژیانی ڕۆژانەیاندا، تەنانەت لەناو خێزانیش.
- لەبەرئەوەی زمان تەنها كەرستەی گواستنەوەی زانیاری و قسەكردن نییە، بۆیە دەبینین لە ڕووی هزری وكەلتوریشەوە قوتابیانی ئەو قوتابخانانە،حەزدەكەن بەزمانی غەیرەكوردی چیرۆك بخوێننەوە، یاری بكەن و پەیوەندییەكانیان ڕێكبخەن وسەیری فیلمی كارتۆن پرۆگرامی میدیای و ئەلیكترۆنی بكەن. كەواتە ئەم زمانە بەناوەرۆكە كەلتووریەكەیەوە هزری منداڵانی ئێمەی داگیركردووە، هەربەو زمانە بیردەكەنەوە بەوزمانەش دەدوێن ، ئەوان لەناو جیهانێكدا دەژین وخاوەن هەندێ بەهای كۆمەڵایەتین كە جیاوازە لەگەڵ بەهاكۆمەڵایەتییەكانی كۆمەڵگای كوردی.
- لەنێوان زمان وكەلتووروشوناداپەیوەندییەكی ئاڵۆزولێكگرێدراو هەیە، كاتێك ئەو قوتابیانە وەكو پێویست زمانی كوردی نازانن ومەیل وهزرو خولیایان بۆزمانی دیكەیە وبەزمانێكی تر بیردەكەنەوەو وبەهاكەلتووریەكانی ئەوزمانە وێنەی زهنیان بۆ دروست دەكات، كەواتە لە شوناسی نەتەوەكەیان كە بەشێكی پەیوەستە بەزمانی كوردی دوور دەكەونەوە، تەنانەت لەكۆمەڵگاكەیاندا توشی نامۆبوون دەبن.

**7/ دەرەنجام:**

شرۆڤەو شیکارییەکانی ناوەڕۆکی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە هەردوو بڕگەی تیۆری و مەیدانییەکە، دەمانگەیەنێتە چەند دەرئەنجامێکی سەرەکی:

1. زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و توخمێکی زیندووی کەلتووری کۆمەڵگاکانە،لە گۆڕانکاری بەردەوام دایە.

2. زمان تەنها کەرستەی گواستنەوەی زانیاری نییە، بەڵکو بەڕێگای زمان، کەلتووروفەرهەنگی میللەت دەگوازرێتەوە.

3. پەیوەندیەکی توندوتۆڵ لەنێوان هزر وزماندا هەیە. هیچ هزرێک بەبێ وشە بوونی نییە، هەروەکو هیچ وشیەکیش خاڵی نییە لە هز، بەڵکو هزرو زمان بەیەکەوە سەرهەڵدەدەن. هەروەها زمان بەرهەمی پرۆسەیەکی مێژووییە کە میللەتان دایان هێناوە تاکو بەو ڕێگایەوە ئاماژە هزریەکانیان بخەنە ڕوو.

4. بەپێی هەندێک لە تیۆرەکانی ناسیۆنالیزم، کاتێک پێناسەی نەتەوە دەکەن، زمان وەک بنەمای سەرەکی ناسنامەی نەتەوە هەژمار کراوە.

5. گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لەشێوەی (نەتەوە، میللەت، ئیتنیک یا خێڵ ..هتد) بێت، فەرهەنگی خۆی بەرهەمدێنێت، کە تاکەکانی لە پرۆسەیەکی بەکۆمەڵایەتی کردنی ڕاستەوخۆدا فێری دەبن، لەم پرۆسەیەدا زمان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت. بۆیە گرووپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان خولقێنەری فەرهەنگی تایبەت بۆخۆیانن، زمانیش وەکو بەشێکی گرنگی فەرهەنگ، ئەو حاڵەتە تایبەتمەند و جیاوازییە وەردەگرێت و دەکرێ لە زۆربەی کاتدا، زمان وەکو هێڵی جیاکەرەوەی کۆمەڵگا جیاوازەکان بێت.

6. هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە، پەیوەست بوونێکی تەواو لەنێوان داواکاری مافی نەتەوەیی و پرسی زمانی کوردی هەبووە.

7. لەبەشی کوردستانی عێراقدا لەگەڵ دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە لە ساڵی ۱۹۲۱ پرسی داواکاری و هەوڵەکان بۆ مافی نەتەوەی کورد، مافە کەلتووری و ڕۆشنبیریەکان دەچنە قۆناغێکی دیکەوە.

8. لە ساڵی ۱۹۳۲ دوای ئەوەی چەندین داواکاری لەلایان چین وتوێژەکانی کوردستان ئاڕاستەی کۆمەڵەی گەلان (عصبةالامم) کرا، حکومەتی عێراق بەیانێکی رەسمی لەبارەی مافی کەمینەکان ئاڕاستەی کۆمەڵەی گەلان کرد، لەوێدا دانی بەوە نا کە خوێندنی سەرەتایی بەزمانی دایک وزمانی کوردی وعەرەبی زمانی فەرمی دەبن.

9. لە شۆڕشی دووەمی بارزان ساڵی ۱۹٤۱ و شۆڕشی ئەیلول ۱۹٦۱ تاکو ڕێکەوتنی ۱۱ی ئازار ساڵی ۱۹۷۰، هەر گفتوگۆ ودانوستاندنێک لەنێوان لایەنی کوردی وبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا کرابێت، داواکاری بۆ خوێندن بەزمانی کوردی وپەرەپێدانی لایەنی فەرهەنگی وکەلتووری کوردی بڕگەیەکی سەرەکی بووە.

10. لەپاش ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ۲۰۰۳ و دەرچوونی دەستووری تازەی عێراق لە ساڵی ۲۰۰٥، پرسی زمان یەکێک بووە لەو بڕگە سەرەکییانەی کەلایەنی کوردی هەوڵیداوە لەگەڵ هێزەسیاسییەکانی عێراق، وەکو مافێکی سەرەکی بچەسپێندرێت. پرسی زمانی کوردی وەکو زمانی عەرەبی لە (دەروازەی یەکەم / بنەما سەرەکییەکان، لە چوارماددەدا) بە دووەم زمانی فەرمی خوێندن و نوسین وقسەکردن و مامەڵە پێکردن لەڕووی بەڕێوەبردن و یاسایی و تەشریعی هەژمار کراوە.

11. بەپێی دوا ئاماری وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (۲۰۲۲- ۲۰۲۳) لە ئێستادا (۳۲۱)سێ سەدوبیست ویەک قوتابخانە و باخچەی ساوایان ناحکومی، ( ۱۸۹ ) قوتابخانە وباخچە بەزمانەکانی، ئینگلیز(۳٤) تورکمانی، (۱۸) سریانی( ۲٥) وعەرەبی (۱۱۲ ) سەر بە وەزارەتی پەروەردەن، لەهەرێمی کوردستان هەیە. ( ۱٥۳۰۹٥) سەدوپەنجاو سێ هەزار ونەوەد پێنج قوتابی لەو قوتابخانانە دەخوێنن کە سستمی خوێندن تێیدا بەزمانی کوردی نییە، هەرچەند بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە، وانەی کوردی وکۆمەڵایەتی ومێژوو لەهەندێ قۆناغ دەخوێندرێت.

12. بەهۆی زاڵبوونی زمانی ئینگلیزی بەسەر قوتابیانی قوتابخانە نا کوردییەکان، قوتابیان لەگەڵ هاوڕێ وهاوپۆلەکانیان، تەنانەت لەماڵ لەگەڵ خوشک وبراکانیان زیاتر حەزدەکەن بە ئینگلیزی قسە بکەن.

13. لەسەیرکردنی بابەتی تەلەفزیۆنی وفلیمی کارتۆن،٦٥٪ قوتابیان بەزمانی ئینگلیزی سەیری فلیمەکانی کارتۆن و بابەتی دیکە لەتەلەفزیۆن دەکەن. ١٦٪ بەهەردوو زمانی ئینگلیزی وکوردی ئەم کارە ئەنجام دەدەن. کەواتە زمانی ئیگلیزی زمانی زاڵە.

14. ڕێژەی زۆری قوتابیان وەکو دەرئەنجام کراوە ، بەڕێژەی ٦۳٪ بەزمانی ئینگلیزی، چیرۆک دەخوێننەوە.

15. ٩٢٪ قوتابیانی ئەم قوتابخانانە ڕۆژانە یارییە ئەلكترۆنییەكان بەكار دەهێنن، زۆرینەیان بۆ دەستڕاگەیشتنیان بە یاری وڤیدیۆكان زیاتر سوود لە زمانی ئینگلیزی وەردەگرن.

16. ٤٧٪ قوتابیان كە ڕێژە بەرزەكەیە حەزدەكەن تەنها بە زمانی ئینگلیزی ڕۆژانە قسەبكەن،لەپاڵ ئەمەدا ڕێژەی ٢١٪ بەهەردووزمانی حەزدەكەن كوردی وئینگلیزی ڕۆژانە قسەبكەن. تەنها ٩٪ ئەوقوتابیانە ڕۆژانە حەزدەكەن تەنها بەزمانی كوردی قسە بكەن.

17. زۆرینەی قوتابیانی نموونەی لێكۆڵینەوە بەڕێژەی ٦٤٪ حەزدەكەن بەزمانی ئینگلیزی بخوێنن وبنووسن، ١١٪قوتابیان بەهەردوو زمانی كوردی وئینگلیزی ، ٩٪ تەنها بەكوردی حەزدەكات بخوێنێ وبنووسێت.

18. لەبەرئەوەی پەیوەندییەكی بەهێز لەنێوان زمان وفەرهەنگ و هزردا هەیە، كەواتە زاڵبوونی زمانی ئیگلیزی لە كەرتی خوێندندا، زاڵبوونی فەرهەنگ وكلتوور ودیدگای هزری ئەم زمانەیە كە پێی دەخوینن و دەنووسن منداڵانی كوردستان بەهۆی لاوازیان لە زمانی كوردی وفەرهەنگ وئەدەبی زمانی كوردی لە ڕووی شوناسیش توشی نامۆیی و خۆ وون كردن دەبن.

### 8/ پێشنیار و ڕاسپاردە:

بەلەبەرچاوگرتنی دەرئەنجامی بەدەستهاتوو لەئەنجامی ئەم لێكۆڵینەوەیە ئەم پێشنیارو ڕاسپاردانە دەخەینە بەردیدی لایەنی پەیوەندار:

یەكەم/ حكومەتی هەرێمی كوردستان سیاسەتێكی ڕوون وئاشكرا سەبارەت بە خوێندن ونوسین بەزمانی كوردی دابڕێژێت ولەڕێگای دامەزراوە پەیوەندارەكانییەوە چاودێری جێبەجێكردنی بكات.

دووەم/ چاودێری كردنی وردی وانەی كوردی وئاستی فێربوونی قوتابیان بەو زمانە، لە قوتابخانەو خوێندنگایانەی پەیرەوی لە سستمی خوێندنی غەیرەكوردی دەكەن. ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی سالانەی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە.

سێیەم/ قۆناغی دایەنگەو باخچەی ساوایان یەكەم هەنگاوە كەمنداڵ لەوێ زمانی دەپژێت وفێری زمانی دایك دەبێت، پێویستە دامەزراوە پەیوەندارەكان بەبایەخەوە چاودێری میتۆدو زمانی فێركردن لەو قۆناغەدا بكەن و ڕێگا بەهیچ یەكێیان نەدرێت زمانی كوردی لەپاڵ زمانی سەرەكی دامەزراوەكە فەرامۆش بكەن.

چوارەم/ زمانی كوردی بۆ قوتابی پۆلی دوازدە وەكو هەر وانەیەكی دیكەی بنەڕەتی ببێتە مەرجی دەرچوون بۆ دەربازبوون وەرگرتنیان لە زانكۆ پەیمانگاكان ،لەهەر ناوەندێكی خوێندنی حكومی یان تایبەتی بێت.

## لیستی سەرچاوەكان:

### سەرچاوە كوردییەكان:


- برۆس كۆهێن،بنەماكانی كۆمەڵناسی،و:چەكۆئەحمەدی،د.محمد شوانی،دەزگای چاپ وبڵاوكراوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر٢٠١٤.
- هەندێ بابەتی زمان وڕێنووسی كوردی،مەسعوود محەمەد،دەزگای ئاراس-هەولێر،٢٠١١.
- مەنوچێهرموحسنی،دەروازەكانی كۆمەڵناسی: ڕێبوار سوەیلی ، موسڵح ئیروانی ...، دەزگای چاپ وبڵاوكردنەوەی موكریانی، ٢٠٠٢، هەولێر.
- دەیڤید كریستاڵ،كورتەیەک لە مێژووی زمان،و:سەربەست جیهاد،ناوەندی ئاوێر بۆچاپ وبڵاوكردنەوە،ساڵی٢٠٢٠.
- نەوشیروان مستەفا،حكومەتی كوردستان كوردلەگەمەی سۆڤیەتدا، ساڵی ١٩٩٣. چاپخانە و شوێنی چاپكردنی دیار نییە.
- مەسعود بارزانی،بارزانی وبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد، بەرگی سێیەم، شۆڕشی ئەیلول١٩٦١-١٩٧٥، ساڵی٢٠٠٤، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر .


### سەرچاوە عەرەبییەكان:


- د.عثمان علی،دراسات فی الحركه الكوردية المعاصرة ثورة ايلول ١٩٦١-١٩٧٥،الجزءالثالث ، اربيل ٢٠٠٢، التفسير
- اسماعيل بێشكچی،النظام فی اناضول الشرقية،ت:شوكرمستەفا،الجزءالثانی ،دارئاراس، اربيل٢٠٠١.
- جون جوزيف، اللغـة والهوية،ت:د.عبدالنورخراقی، عالم المعرفة، ٢٠٠٧.
- د.عبدالمجيد نشواتی، علم النفس التربوی، دارالفرقان للنشروالتوزيع، عمان،٢٠٠٣.
- صموئيل ب.هنتنغتون، من نحن؟ التحديات التی تواجه الهوية الامريكية، ت:حسام الدين خضور، دارالرای للنشر، ٢٠٠٥.
- كاترين البيرين-جان كلود روانوبوربالان،الهوية والهويات،ت:د.اياس حسن،جزءالاول،دارالفرقد ،دمشق-سورية،٢٠١٧

- عبدالغنی البشری، اثرسیاسةالقومیات في الحرکة القومیة العربیة، ادارة المطبوعات والنشربالقاهرة، ١٩٦٤.
- جیوفری رۆبەرتس و ئەلیستەر ئیدواردس، المعجم الحدیث للتحلیل السیاسی، ت: سمیر عبدالرحیم الجلبی، الدارالعربیة للموسوعات، بیروت-لبنان ١٩٩٩.
- ودیع جویدة،الحرکةالقومیة الکردیةنشاتهاوتطورها،ئاراس -الفارابی،٢٠١٣.
- ا.د.شیرزاد زکریا محمد،مجلس قیادةثورة ایلول فی کوردستان-العیراق ،مرکزبێشکچی للدراسات الانسانیة-دهۆک، ٢٠٢١.
- د.عبدالفتاح علی یحیی، وثائق عن الحرکة القومیة الکوردیة التحرریة،موسسةالموکریانی ٢٠٠١.
- حبیب محمد کریم ،تاریخ الحزب الدیموقراطی الکوردستانی-العراق(فی محطات رئیسیة)١٩٤٦-١٩٩٣،مطبعةخەبات-دهۆک،٢٠٠٠.
- أ.د. ولید أحمد العناتي، أثـر تعلیـم اللغة األجنبیـة في تعلم اللغـة العربیة وتعلیمها في مرحلة الطفولة ٌدراسة ٌلسانیة ٌنفسیة ٌتطبیقیة، عمان, 2019، https://drive.uqu.edu.sa/_/jll/files/23/jll-23-4.pdf
- د. ریضا بن مقلة، أثر استخدام اللّغات الأجنبیّة في التّعلیم العالي على الهویّة: التّدریس باللغة الفرنسیّة في الجامعة الجزائریّة أنموذجاً، الجزائر، 2022، https://jilrc.com/archives/14850.

**سەرچاوەی فارسی:**

- احمد گل محمدی،جهانی شدن فرهنگ، هویت، نشرنی ، تهران١٣٨٩.
- براین فی، فلسفەامروزین علوم اجتماعی،خشایار دیهیمی،انتشارات طرح نو،١٣٨٦.
- جلال ستاری، هویت ملی وهویت فرهنگی،نشرمرکز،١٣٨٠تهران.
- جوئل شارون،دەپرسش از دیدگاه جامعەشناسی،ت:منوچهرصبوری، نشرنی،چاپ سوم١٣٨٢.
- انتونی گیدنز،جامعەشناسی، ت:منوچهرصبوری، نشرنی ، ١٣٨٣تهران.
- جوئیل شارۆن ، دەپرسش ازدیدگاه جامعه شناسی، ت: منوچهرصبوری ،نشرنی، تهران ١٣٨٢.
- لوتان کوی، اموزش وپرورش:فرهنگ وجوامع، ت:د.محمد یمنی دوزی،مرکز چاپ شهید بهشتی،١٣٧٨.

**سەرچاوە ئینگلیزی:**

- Victoria Fromkin, Robert rodman, An Introduction to Language, the Dryden Press, Japan 1983.
- John Hutchinson, Nations as zones of conflict, SAGE publications, LONDON ,2005.
- Bendict Anderson, imagined communities, reflections on the origin and spread nationalism, verso London, 1991.

-

**A Theoretical Field Study within the Discipline of Sociology of Education**

**Chnar Saad Abdulla**
Department of Research and Capacity building – Kurdistan Democratic Party
chnarsaad@gmail.com

**Abstract**
Language is seen as a dynamic component of social culture and is ever evolving. From a societal perspective, language has more purposes than just conveying information. Rather, language governs mind and articulates the conceptual frameworks that people develop via interactions with others and via relationships. Humans may learn and mimic sounds, words, and concepts from birth. Their language usage is influenced by social interactions. There is no language outside of human society as language is a social phenomenon. Humans exclusively utilize language in social interactions to communicate their wants, desires, and feelings to other people. Language allows us to comprehend a country's culture, way of life, and way of thinking. Nations speak different languages; for instance, Swedes speak Swedish, Poles speak Polish, Turks speak Turkish, English speak English, and so on. As a result, a nation's identity may be encapsulated in its language, in fact, some nationalist ideas view language as the primary pillar of a nation. Deportations, identity deprivation, genocide, and neglect are just a few of the methods used to try and eradicate a people like the Kurds in the Middle East, who have been governed by Turks, Persians, and Arabs for ages. The Kurdish language continues to be crucial to the national character. Within the borders of the Iraqi state, the sole national entity having political and constitutional validity is the Iraqi Kurdistan Region. It served as the cornerstone for the development of this country's language and culture as well as for maintaining national identity. However, a generation has grown up in the Kurdistan Region whose language is almost entirely replaced by other languages in the last 20 years because of social media's influence, the English language's dominance in this field, the opening of foreign language schools, and the international education system. consequently, the issue is not limited to communication, rather, Kurdish culture and national traits are nearly superseded by the supremacy of other languages. In this study, we want to demonstrate the magnitude of this impact.

**Keywords:** language, nation, identity, culture

**تاثير الدراسة باللغات الاجنبية على مستوى تعلم اللغة الكوردية في اقليم كوردستان**

**(بحث نظري ميداني في اطار علم الاجتماع التربوي)**

**چنار سعد عبدالله**
قسم الدراسات والتأهيل – الحزب الديمقراطي الكوردستاني
chnarsaad@gmail.com

**ملخص**
اللغة هي عنصر حي في ثقافة المجتمع وهي في تغيير مستمر، ولاتقتصر وظيفة ودور اللغة من المنظور الاجتماعي على نقل المعلومات فقط بل أن اللغة تتحكم بالفكر ايضا وتعتبر أداة للتعبير عن الصور الفكرية للإنسان والتي تتشكل عن طريق التفاعل والتصادم والعلاقات الاجتماعية . تتولد قابلية تعلم اللغة للإنسان مع ولادته، ومنذ اليوم الاول لولادته يقلد الإنسان الكلمات و المصطلحات ويكررها ، اللغة التي يستخدمها الإنسان مرتبطة بردود الفعل الاجتماعية كما يمكن اعتبار اللغة كظاهرة اجتماعية لايمكن أن تتواجد في خارج إطار المجتمع الإنساني. الإنسان فقط يستخدم اللغة في العلاقات الاجتماعية للتعبير عن احتياجاته وآرائه ومشاعره مقابل الآخرين وعن طريق اللغة نستطيع فهم الثقافات وطريقة التفكير للشعوب وحياتهم وخصوصياتهم وعلى مستوى العالم تعتبر اللغة اليوم بمثابة الهوية والتعريف الذي يميز بين القوميات والشعوب. على سبيل المثال الفرنسيين يتحدثون باللغة الفرنسية والألمانيين بالألمانية والسويديين بالسويدية والبولنديين بالبولندية والأتراك بالتركية والإنجليز بالإنجليزية لذلك من الطبيعي أن نعثر على التعريف والهوية الرئيسية لأي شعب من خلال اللغة الخاصة بهذا الشعب بل أن هناك بعض النظريات القومية التي عندما تعرف الشعب تبين بأن اللغة هي العنصر الأساسي لهذا الشعب الشعب. وبالنسبة للشعب الكوردي والذي يعيش في منطقة الشرق الاوسط فقد تعرض منذ قرون إلى الاحتلال وفرض الارادة من قبل الشعوب الأخرى (الترك الفرس العرب) وتم التعامل معه بالسياسة التهجير والحرمان من الهوية والإبادة الجماعية والإهمال ومحاولة محو هذا الشعب ولغته ولكن مع ذلك بقيت اللغة الكوردية جزءا من الهوية والتعريف الذي يميز هذا الشعب وبات محطا للاهتمام. اقليم كوردستان العراق، اقليم كوردي في اطار الدولة العراقية، هو الكيان القومي الشرعي والقانوني والدستوري الوحيد للشعب الكوردي وهو أحد الاسس المهمة للحفاظ على التعريف الحقيقي والهوية القومية للشعب الكوردي ولحماية ثقافة ولغة هذه القومية ولكن خلال العقدين الماضيين وعلى الرغم من تأثيرات التواصل الاجتماعي وسيطرة اللغة الإنجليزية في هذه المنطقة بسبب السماح بفتح المدارس الخاصة باللغات الأجنبية ووجود نظام تربوي دولي في اقليم كوردستان أصبح هناك جيل يفضل اللغات الأجنبية على اللغة الكوردية لذلك فإن المشكلة ليست في إطار الحديث فقط بل أن هناك لغات أخرى أصبحت بديلا للغة الكوردية والثقافة والخصوصية الكوردية باتت مهزوزة وفي هذا البحث نحاول أن نبين مدى هذه التاثيرات.

**الكلمات المفتاحية:** اللغة، القومية، الهوية، الثقافة .